# دەقی هاوتەریب لە ڕۆمانی (گازینۆی منداڵان) ی کاروان عومەر کاکەسوردا

## (بەپێی ڕوانگەی تیۆری ژیرار ژنێت)

**عبدالله رحمان عەولا**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە ـ مەخمور، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە-** توێژینەوەی ڕەخنەی هاوچەرخ بایەخ و گرینگییەکی زۆری بە دەقی هاوتەریب داوە، بەو پێیەی کە دەقی هاوتەریب دەروازەیەکی سەرەکییە بۆ چوونە ناو جیهانی دەق و تێگەیشتن و شیکردنەوە وڕاڤەکردنی دەقە سەرەکی و ڕەسەنەکە، بەتایبەتیش لەڕۆماندا، چونکە دەقی هاوتەریب چ ئەوانەی کە پەیوەستن بەخودی دەقەکە و چ ئەوانەی لەدەرەوەی دەق دەنووسرێن، ڕاستەوخۆ زانیارییەکانی دەقە سەرەکییەکە دەگوزانەوەو پشتگوێخستنیان، بەواتای بێبەشکردنی خوێنەر و وەرگرە لەو زانیارییە گرینگانەی دەق.

لەم سۆنگەیەوە، یەکێك لەو توێژەرانەی کە بایەخی بە دەقی هاوتەریب داو زاراوە و تیۆرەکەی چەسپاند (ژیرار ژنێت) بوو کە توانی بنەماو خەسڵەتەکانی دەقی هاوتەریب دابڕێژێت و کاری لەسەر بکات، لەم توێژینەوەیەشدا بە پشت بەستن بە بنەماکانی (ژیرار ژنێت) هەوڵمانداوە دەقی هاوتەریب لە ڕۆمانی کوردیدا شی بکەینەوە، ڕۆڵ و پێگەی دیار بخەین، لەم ڕووەشەوە ڕۆمانی (گازینۆی منداڵان)ی (کاروان عومەر کاکەسوور )مان بەنموونە وەرگرتووە، بۆ ئەوەی دەقی هاوتەریب چ لەناو خودی ڕۆمانەکە و چ لەدەرەوەی ڕۆمانەکەدا دیار بیکەین و شییان بکەینەوە، چونکە بەهۆی شیکردنەوەی پارچەو بەشەکانی دەقی هاوتەریبی ئەو ڕۆمانە، زیاتر لە دەقی سەرەکی ڕۆمانەکە دەگەین و کاریگەری و کارتێکردنی بەشەکان دەقی هاوتەریب لەسەر پەیام و مەبەستەکانی ڕۆماننوس زیاتر ئاشکرا و ڕوونتر دەبێت، کە بەهۆیەوە خوێنەر لەڕێگای ئەو دەقی هاوتەریبەوە زانیارییەکی فراوان لەسەر دەقە سەرەکییەکە وەردەگرێت، کە ئەمەش خاڵی هاندەرە بۆ ئەوەی خوێنەران بەردەوامی بەخوێندنەوەی دەقە سەرەکییە بدەن.

**کلیلە ووشەکان-** دەقی هاوتەریب ، دەقی سەرەکی، دەقی دەوروبەر، دەقی سەروویی، ڕۆمان.

## پێشەکی:

دەقی هاوتەریب بریتییە لەو دەقەی کە لەشێوەی ناونیشان و بەرگ و ئەو توێژینەوانەی لەبارەی دەقە سەرەکییەکەی ڕۆمانەوە دەنووسرێن، لەخۆ دەگرێت و بەرکەوتەی یەکەمی خوێنەرانە و ئەوان سەرەتا مامەڵە لەگەڵ ئەو دەقە دەکەن و دواتر دەقە سەرەکییەکە دەخوێننەوە. بەمشێوەیەش دەقی هاوتەریب وەکو پەرژینێك لەدەوری دەقە سەرەکییەکەی ڕۆمان دەبێت و پردی پەیوەندی نێوان دەقە سەرەکییەکە لەگەڵ خوێنەران دروست دەکات و دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی دەقە سەرەکییەکە گەشت بکات بەناو چین و توێژە جیاوازەکانی جەماوەری خوێنەرەوەدا. (ژیرار ژنێت 1930-2018) یەکەم کەس بووە بەشێوەیەکی هونەری و ئەکادیمی لەو چەمکەی کۆڵیوەتەوەو پەرەی پێداوە و بنەماو خەسڵەتەکانی دیارکردووە . ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە دەقی هاوتەریبی ڕۆمان بکۆڵێتەوەو پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەقی سەرەکی ڕۆمانەکە شیبکاتەوە، بەو پێیەی دەقی هاوتەریب ڕێگای یەکەم و دەروازەی چوونە ژوورەوەی خوێنەرە بۆ ناو دەقی سەرەکی ڕۆمان. لەم ڕوانگەوەیەوە ڕۆمانی کوردی خاوەن دەقی هاوتەریبی خۆیەتی کە پەیوەستە بە ڕووداو و کارەکتەر و کات و شوێن و ڕەگەزەکانی دیکەی دەقە سەرەکییەکەی ڕۆمانەوە .

### 1.1: سنوری توێژینەوەکەمان :

لەم توێژینەوەیەدا لە سنووری باشووری کوردستاندا و لەدوو تۆیی ڕۆمانی (گازینۆی منداڵان)ی (کاروان عومەر کاکەسوور) وەکو نموونە هەوڵمانداوە ڕۆڵ و پێگەی دەقی هاوتەریب چ پەیوەست بن بە خودی ڕۆمانەکەو چ لەدەرەوەی ڕۆمانەکە نووسرابن، دەستنیشان بکەین و کاریگەری و کارتێکردنی لەسەر دەقە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکە ڕوون بکەینەوە .

### 2.1: ڕێبازی توێژینەوە:

میتۆدی سەرەکی توێژینەوەکەمان، میتۆدی وەسفی شیکارییە،کە لە ڕێگای شیکردنەوەی وەسفکردنی لایەنی تیۆری بابەتەکە و شیکردنەوەی نموونەی وەرگیراوی ڕۆمانەکەدا خۆی دەبینێتەوە.

### 3.1: هۆکاری توێژینەوەکە:

تا ئێستا لەرەخنەی کوردیدا بابەتی دەقی هاوتەریب کاری تێدا نەکراوە و بەش وبابەتەکانی بەهەند وەرنەگیراوە لە لێکۆڵینەوە رەخنەییەکاندا، بەتایبەتیش لە بواری ڕۆمانی کوردیدا، لەکاتێکدا دەقی هاوتەریب دەروازەیەکی گرنگی دەقی سەرەکی ڕۆمانە، بۆیە

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 12، العدد 3(2026)؛ عدد الصفحات (19)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n3y2026.pp178-196
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 25 أَيْلُول 2025؛ قُبل في 30 تشرين الثاني 2025؛ نُشرت في 9 آب 2026؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : abdulla.awla@su.edu.krd
حقوق الطبع والنشر ©2026 عبدالله رحمان عەولا. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

ئەم توێژینەوەیە لەم بوارەدا هەوڵدەدات بنەماو بەشەکانی دەقی هاوتەریب لە ڕۆماندا شیبکاتەوە .

### 4.1: پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە لایەنی تیۆریدا زاراوەو چەمك و مێژوو و ئەرکەکانی دەقی هاوتەریب ڕوون دەکاتەوەو لایەنە پێکهاتەکانی دیار دەکات. لەلایەنی پراکتیکدا جۆرەکانی دەقی هاوتەریب لە هەردوو جۆری سەرەکی دەقی دەوروبەر و دەقی سەرووویی و بەهەموو بەشەکانیانەوە لەڕۆمانی (گازینۆی مندالان) ی(کاروان عومەر کاکەسوور) شیدەکاتەوە.

### 2ـ زاراوە و چەمك و مێژووی دەقی هاوتەریب

چەمکی ئاشکرای دەق بریتییە لە سیستەمێك کە هەڵگری پەیام و مەبەست و گشت ئەو دەلالەتانەیە کە نووسەر بە خوێنەری دەگەیەنێت، بەمەش دەق شێوەیەکی دیاریکراوی خۆی وەردەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەیان دەق دەبێتەوە و ماناکانیان لێکداتەوەو تێیان دەگات و وەڵام و قسەی خۆی لەبارەیانەوە ئامادە دەکات. کەچی دەقی ئەدەبی جیا لەهەمووان کاریگەری و کارتێکردنی یەکجار زیاتر دەردەکەوێت. ئەو دەقەش لەشێوەی یەکەیەکی گشتگیردا ئاراستە دەکرێت، ئەگەر بەوردی ئەو یەکە گشتگیرییە شیبکەینەوە، ئەوا جگە لە مەتن و ناوەرۆکی دەقەکە کە دەقە سەرەکییەکەیە بە بڕبڕەی پشتی یەکە گشتگیرییەکەی دەق دەناسرێت، گەلێك پارچەو نووسینی دیکە کە هاوتەریب لەگەڵ مەتن و ناوەرۆکی دەقە سەرەکییەکە دەڕۆن و کاریگەری و کارتێکردنیان لەسەر تەواوی دەقەکە دەبێت. ئەو پارچە و نووسینانە لەدەرەوەی مەتن و ناوەرۆکی دەقە سەرەکییەکە دەبن و خۆیان لە شێوەی ( ناونیشان، ناوی نووسەر، پێشکەشکردنەکان، وتەی ناوداران، ناونیشانی دەزگای چاپ، بەرگ، وتاری ڕەخنەیی، چاوپێکەوتنەکان .....ناد) دەبینێتەوە کە هەموویان بەیەکەوە بە ( دەقی هاتەریب) دێنە ناسین. کە ئەویش بریتییە لەو دەقەی کە هاوڵی مەتن و ناوەرۆکی دەقە سەرەکییەکە دەکات و دەبێتە دەرگا و دەروازەیەك کە لەوێوە خوێنەر تێپەڕ دەبێت بۆ ناو دەقە سەرەکییەکە. بەو واتایەی دەقی هاوتەریب لە خزمەتی دەقە سەرەکییەکە دەبێت و دەبێتە هۆکارێك بۆ ڕوونکردنەوە و ڕۆشنایی دەقە سەرەکییەکە. هەر چەندە ڕەخنە بەشێوە گشتییەکەی گرنگیی وەهای بەدەقی هاوتەریب نەداوە، بەڵام ڕەخنەی هاوچەرخ درکی بە پێگە و گرینگی ئەو دەقە کردووەو بۆ یەکەمجار لێکۆڵینەوە تیۆرەییەکانی خۆی لەمبارەیەوە خستۆتەڕوو.

### 1ـ2: زاراوەی دەقی هاوتەریب:

دەقی هاوتەریب زاراوەیەکە لە دوو وشەی سەرەکی پێکهاتووە، کە ئەوانیش (دەق) و (هاوتەریب) دەگرنەوە، دیارە ئەو وشانە لە گۆڕەپانی ئەدەبیاتدا هەر یەکێکیان خاوەن سیماو خەسڵەت و ئادگاری تایبەت و جیاوازی خۆیانن، کاتێکیش ئەو دوو وشەیە دەچنە پاڵ یەکدی، سیفەت و خەسڵەتەکانیشان لەناو یەکتریدا دەتوێننەوە بۆ ئەوەی فۆڕمێکی نوێی ئەدەبی دروست بکەن. (دەق) بەواتای ڕووداوێك، یان قسەیەکی نووسراو دێت، کە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا دەنووسرێت و بڵاودەکرێتەوە و سیماو خەسڵەتێکی گەیاندن و گەیەنراوی هەیە، بەو واتایەی دەق ڕێکاو ڕێچکەیەکە کە مەبەست و پەیام و زانیاری و ئەزموونەکانی نووسەر بۆ خوێنەران دەگوازێتەوە. لەم نێوانەشدا دەق ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت کە نووسەر و خوێنەر بەیەکتر دەبەستێتەوە و بەهۆیەوە دەبێ خاوەن تایبەتمەندییەکی تۆکمە بێت لەڕووی زمان و بیرۆکە و دارشتنەوە...تاد (بوغنوط،2007: 3)، هەروەها هاوتەریبیش بەواتای هاو تەك دێت کە بریتییە لە هاوتا و هاوەڵی شتێك یان کەسێك (هەژار،1384: 943) هەردوو وشەکە زاراوەیەکیان پێکهێناوە بەناوی (دەقی هاوتەریب) بەواتای دەقێك کە هاوەڵی و هاوتەکی لەگەڵ دەقێك بکات و لەگەڵ ئەودا بگونجێت و بسازێت.

لەرووی ڕەگ و ریشەی زاراوەکەوە، کە دەقی هاوتەریب ڕاستەوخۆ لە زاراوەی ئینگلیزی (Para Text) وەرگیراوە، ئەو زاراوە ئینگلیزییەش ڕەگ و ریشەی بۆ زاراوەی لاتینی و یۆنانییەکەی دەگەڕێتەوە، (Text)بەمانای دەق دێت و (Para) لە لاتینی و یۆنانییەکەیدا بەمانای وێکچوون و گونجان و بەدەرکەوتن و ڕوون دێت(حنان، زینب،2021: 7). هەروەها واتای ئەوەش دەگەیەنێت کە یەکسانبوونە لە بەرزایی و هێز و تەرازوو لەنێوان دوو قەبارە و شت و دادپەروەری لەنێوان دوو کەس و ڕستەی نزیك لە ڕستەی دیکەوە دێت، هەموو ئەو واتایانە ئەوە دەگەیەنێت کە لەڕووی ئەدەبییەوە دەقێکی نزیك لە دەقێکی دیکەوە لەڕووی هێز و یەکسانبوون و واتاوە بوونی هەیەو بەشێوەیەك هاوەڵی یەکتر دەکەن کە وێکچوون و گونجان و سازانێك هەبێت لەنێوانیاندا.

هەر چەندە (ژیرار ژێنێت 1930-2018) لە ساڵی (1987) لە کتێبەکەی خۆیدا بەناونیشانی (Seuils) کە واتای دەروازە و دەرازینك دەگەیەنێت، زاراوەی Para) (Textبەکارهێنا وەکو بەشێك لە بەشەکانی شیعرییەتی دەق و بەهۆی ئەو زاراوەیەوە دەقی هاوتەریبی لە بەشەکانی دیکە جیا کردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کتێبەکەی بە (عتبات (Seuils- واتە دەروازە ناونا ( بلعابد، 2008: 26). پاش ئەویش ( هینری میتران) زاراوەی (پەراوێزی دەق)ی بۆ بەکارهێنا (حلیتم،کرام،2023: 1165)، هەروەها (شارل گریفل) زاراوەی (ناونیشان)ی بۆ بەکارهێنا (اشهبون،2011: 16). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زاراوەی (Para Text) دەقی هاوتەریب وەکو زاراوەیەکی کۆکەرەوە زیاتر لە ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاوادا بەکارهات. بۆ یەکەمجار ئەو زاراوەیە لەلایەن (ت.م.تۆماس) لە وتارێکیدا لە ژمارە (53)ی گۆڤاری ئەدەب لەساڵی (1984) بەناونیشانی (مەبەستی شیکردنەوەی دەقی هاوتەریبی شانۆیی) بەکارهاتووە، کە ناونیشانی ڕووداوەکان و لیستی کارەکتەرەکان و دیکۆر و نمایش و ....تاد لەخۆ دەگرێت، دەقی هاوتەریب لەلای ئەو بونیاتی قووڵی کتێبەکە پێکدەهێنێت (بلعابد، 2008: 31).

لە ئەدەبی عەرەبیدا لەبارەی زاراوەکەوە ئاڵۆزی و شێواوییەك دەبینرێت کە لەلایەکەوە بەهۆی ئەو فرە زاراوەیەی کە لەرەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاوا دەبینرێت و هەروەها بە هۆی ئەوەش کە لێکۆڵەرانی عەرەبی پشتیان بە وەرگێڕانی پیت بە پیتی زاراوەکە بۆ زمانی عەرەبی، یان وەرگێڕانی بەپێی مانا و سیاقی زاراوەکە بەستووە. ئەمەش وای کردووە کە چەندین زاراوە بێتەکایەوە، لەمبارەیەوە (سعید یقطین) زاراوەی ( المناص) و کۆی ئەو زاراوەیەش ( المناصات) بەکاردەهێنێت و کە وەکو ناوی بکەر وەریگرتووەو پاساوی ئەو وەرگرتنەش بۆ واتای کردەیەك دەگەڕێنێتەوە کە دەلالەتە لە بەشداری و هاوسێیەتی (یقگین،1989: 102). لەلایەن ( محمد بنیس)هوە زاراوەی ( النص الموازی) بەکاردێت (بنیس،1989: 77)، لەلایەن خۆیەوە لێکۆڵەری تونسی (محمد الهادی المطوی) زاراوەی ( الموازیة النصیة یان الموازی النصي) بەکاردەهێنێت (المطوي،1997: 196) ، کە ئەمەش پێچەوانەی زاراوە بەکارهاتووەکەی (محمد بنیس)ە. هەروەها ( عبدالوهاب ترو) زاراوەکەی (ژیرار ژێنێت)ی بەچەندین شێواز وەرگێڕاوە ( المتعالیات النصیة، النصوص المردافة، النصوص الشمولیة،النصوص الشاملة، ما وراو النصوصیة)( ترو،1989: 80). لەراستیدا لە ڕەخنەی عەرەبیدا چەندین شێوەی ئەو زاراوەیە بەرچاو دەکەوێت( المناص، عتبات، النصوص فوقیة، المتعالیات النصیة، التعالی النصی، الترافق، الملحقات النصیة، التعددیه النصیة، الخطاب

المقدماتي،......تاد)، بەڵام لەم دواییەدا کۆدەنگییەك بەتایبەتیش لە ناو زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکان هاتۆتەئاراوە لەسەر زاراوەی (النص الموازي) و زیاتر لە توێژینەوەکانیاندا بەکاردەهێنرێت.

لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا لەبەرانبەر زاراوەی (عتبات) بەشێوەیەکی گشتی لە فەرهەنگەکانی کوردیدا مانای لێکدراوەتەوە، لەفەرهەنگی شیریندا بەمانای ( باهوی دەرگا، سەر دەرگا، باڵشمە، ناو دەرگا، پلە، پلەپەیژە، پلیکانە، قاڵدرمە) هاتووە( نظام الدين، 2007: 446)، لەفەرهەنگی قازیدا بەمانای ( دەرازینك، دەروازە) هاتووە ( قاضي،2005: 361). (عەبدوڵلا سەراج) زاراوەی (ئاستانەی) بۆ بەکارهێناوە ( سەراج، 2007: 1)، هەموو ئەو زاراوانە گوزارشت لەمانای فەرهەنگی وشەکە دەکەن و ئاماژەیەك نین بۆ بابەتی دەقی هاوتەریب، بۆیە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا کە بە توێژینەوە بەراییەکان لەم بوارە لە قەڵەم دەدرێت، زاراوەی (دەقی هاوتەریب) بەکاردەهێنین، چونکە ئەو زاراوەیە لە هەردوو ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاوا و عەرەبیدا کۆدەنگییەکی لەسەر هەیە و هەروەها گشتگیر و کۆکەرەوەی گشت زاراوەکانی دیکەیە، جیا لەمانەش (( وەسفێکی زۆر ورد و هەروەها نزیکە لە سروشتی دەقی بەرانبەر، یان دەقی ناسەرەکی ، چونکە ئەو دەقێکی جیاواز و دوور نییە، هەروەها دەقێکی سەربەخۆش نییە، بۆیە ئەوەی لە وشەی (هاوتەریب)دا ڕوونە ئەوەیە کە گرنگی دەروازەی دەق بەدیار دەخات و لەهێڵێکی نزیك لە هێڵی نووسەر دەڕوات و شێواز و ڕۆشنبیرییەکەی ئاشکرا دەکات)) (شتیوی و اخرون،2020 : 4794). بۆیە ئەم زاراوەیە (دەقی هاوتەریب) لەم توێژینەوەیەدا کاری لەسەر کراوە .

### 2.2: مێژووی دەقی هاوتەریب:

سەرەڕای ئەوەی کە (ژیرار ژێنێت 1930-2018) لە بەراییەکانی ئەو توێژەرانەیە کە لەچوارچێوەی کتێبێکیدا باسی لە دەقی هاتەریبی کردبێت و بنەما و خەسڵەت و جۆرەکانی دیاری کردبێت. بەڵام لەپێش ئەویشدا چەند توێژەر و ڕەخنەگرێك سەردەرییان لەگەڵ ئەو زاراوەیەدا کردووە و باسیان کردووە، لەوانەش کە گرینگە ئاماژەیان بۆ بکەین:

ـ هەردوو توێژەری فەرنسی (فرانسو فروری و ئەندرێ فونتانا، لەساڵی (1968)دا لە کتێبەکەیاندا ( ناونیشانی کتێبەکان لە سەدەی هەژدەدا) باسیان لە سەرەتاکانی ئەو دەقە کردوو لە ڕێگای شیکردنەوەی ناونیشانی کتێبەکانەوە . ( هيبة، اسماء،2022: 16).

ـ ك.دۆشی لە وتارێکیدا لە گۆڤاری ئەدەب لە ساڵی (1971)دا بەناونیشانی (لەپێناو کۆمەڵایەتیبوونی ڕەخنەدا) ئاماژەی بە دەقی هاوتەریب کردووە بەوەی شوێنێکی نائارامە، کە دوو دوو کۆمەڵە یاساو ڕێسایەك کۆدەکاتەوە، لەوانەش یاسای کۆمەڵایەتی لە حاڵەتی دەرکەوتنیدا، هەروەها یاسای بەرهەمهێنان یاخود یاسای ڕێکخراوی دەق. (بلخير، سعيداني،2022: 6).

ـ جاك دریدا لە کتێبەکەیدا (التشتيت) لەساڵی (1972)دا لە کاتێکدا لەبارەی دەرەوەی کتێبەوە دەئاخفێت، زۆر بەوردی ئاماژە بە ناونیشان و پێشەکی و پێش نووسینەکانی دەق دەدات و بە کاریگەر و کارتێکەر لەقەڵەمیان دەدات کە بەشێوەی بینراو خۆیان دەنوێنن، پێش ئەوەی بەشێوەی خوێنراو دەربکەون(تومی،2009: 47).

ـ ج.دوبوا لە کتێبەکەیدا لەبارەی میتادەقەوە لەساڵی (1973)دا لەچوارچێوەی باسکردنی میتادەقەوە، باس لە دەقی هاوتەریب دەکات(بلعابد، 2008: 29).

ـ فیلب لوگان لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی ( پەیمانی ژیاننامەی خودی) لەساڵی (1975)دا ئاماژە بە (پەراوێزییەکانی دەق) دەکات کە بەلای ئەوەوە پێکدێت لە ناوی نووسەرو ناونیشان و پێشەکی و ناوی دەزگای بڵاوکراوەوە...تادو تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێویستە ئاگاداری دەقی هاوتەریب بین( دالی،2024: 9).

ـ م.مارتان بالنار لەکتێبەکەیدا کە لەساڵی (1979) بڵاویکردۆتەوە، بۆ یەکەمجار لەوانەی پێش خۆی وردتر باس لە دەقی ئەدەبی لەڕووی زاراوەو ناوەڕۆکەوە دەکات(بلعابد، 2008: 30).

ـ هـ.میتیرون کە لەهەردوو کتێبەکەیدا (ناونیشان 1979) و (گوتاری ڕۆمان 1980) دا ئاماژە بەو شوێنانە دەکات کە دەوری ڕۆمانیان داوە کە بەڕای ئەو ئەو شوێنانە خوێنەران هاندەدات ڕۆمان بخوێننەوە، بەتایبەتیش بەرگی ڕۆمان کە ناوی ڕۆمان و ناوی نووسەر و وێنەی سەر بەرگ و ..تاد لەخۆ دەگرێت (تومی،2009: 18).

ـ میشێل فوکۆ، لەکتێبەکەیدا (حفريات المعرفة) لەو کەسە بەراییانەیە کە بایەخێکی بێوچانی بە دەقی هاوتەریب داوەو لە چوارچێوەی سنووری کتێبەکەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووەوە کە سنوورەکانی کتێب بەهیچ شێوەیەك ڕوون و ورد نییە، چونکە لەپشت ناونیشان و دێرە یەکەمینەکان و وشە کۆتاییەکان و لە پشت بنیاتی ناوخۆیی و ئەو فۆرمەی کەجۆرێك لە سەربەخۆیی پێ دەدات، سیستەمێك هەیە بۆ کتێب و دەقی دیکەی گوزاراوە (فوكو،1987: 23).

ـ لوسیان گوڵدمان یەکێکە لەوانەی باسی لە بایەخی دەقی هاوتەریب کردووە و داوای لە ڕەخنەگر و توێژەرانی ڕۆژئاوا کردووە لە توێژینەوەکانیاندا لەبارەی دەقەوە بایەخ بەو جۆرە دەقە بدەن و جەختی لەسەر ناونیشان کردۆتەوە و پەیوەندی بە مەتنی دەقەکەو بەتایبەتیش لە ڕۆماندا ( بلخير، سعيداني،2022: 6)

کاتێك سەرنج لەو بابەتانە دەدەین تێبینی ئەوە دەکەین کە باسەکانی ئەم توێژەرانە سەربەخۆ نەبووە و لەچوارچێوەی بابەتی دیکەدا ئاماژەیان بۆ کراوە و هەروەها بەو شێوەیەی (ژیرار ژێنێت)ی هەمگیر و گشتگیرانە بنەما و خەسڵەتەکانیان ڕوونەکردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە بوونەتە بنەمایەك بۆ ئەوەی (ژیرار ژێنێت) بابەتەکەی لەسەر بنیات بنێت و یاسا و ڕێسای تایبەتی بۆ دابڕێژێت .

### 3.2: چەمکی دەقی هاوتەریب:

کاتێك باس لە دەق دەکەین، ئەوا ئەو پرسیارە دروست دەبێت کە کامە دەق مەبەستمانە؟ دەقی ڕەسەن، یان ئەو دەقەی هاوتەریبە لەگەڵیدا، بەو واتایەی هەموو دەقێکی ڕەسەن چەند دەقێکی شوێنکەوتەی هەیە کە هەمیشە لە خزمەتیدا دەبن و هەوڵدەدەن ئامانجەکانی بەدی بهێنن. ئەو دەقە شوێنکەوتووانە بەشێکن لە دەقە ڕەسەنەکە، کە بەشێکیان لەدەورەبەری دەقن و بەشێکی دیکەیان لەدەرەوەی دەق بوونیان هەیە و پەیوەندییەکی پەیوەستدارو کارلێکەر و کارتێکردنیان لەگەڵ دەقە ڕەسەنەکە هەیە. بۆیە بیرۆکەی ڕەسەنایەتی هەمیشە بەهۆی چەند شوێنکەوتەیەکی هاوتەریبی خۆیەوە بەڕێوەدەبرێت کە پشتگیری لەو ڕەسەنایەتییە دەکەن، بەمەش بەهای ڕەسەنایەتی بەشدارە لە بەرزی بەهای شوێنکەوتە هاوتەریبەکانییەوە.ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەقی هاوتەریب کە پێکدێت لە (ناونیشان، ناونیشانی لاوەکی، ناوی نووسەر، ناوی دەزگای بڵاوکەرەوە، بەرگ، پێشکەشکردنەکان، چاوپێکەوتن، بیرەوەری، پەراوێزی کۆتایی لاپەڕە، وێنەکان...تاد) لەخزمەت دەقە ڕەسەنەکەدا دەبن و هەمان سیفەت و خەسڵەتی دەقە ڕەسەنەکە هەڵدەگرن ( طلاع واخرون،2020: 6-9).

(ژیرار ژێنێت 1930-2018) یەکەم کەس بووە بەشێوەیەکی هونەری و ئەکادیمی لەو چەمکەی کۆڵیوەتەوەو پەرەی پێدا، ئەو توێژینەوەکانی لەچوارچێوەی شیعرییەتی دەقدا کرد و لە چەند جۆرێکی دەقدا چڕی کردەوە (دەقئاوێزان، میتا دەق، دەقی هاوتەریب،

هەڵواسراوی دەق، دەقی کۆکەرەوە) هەر یەکێك لەو چەمکانەی لە چەند کتێبێکیدا شیکردۆتەوە (النص الجامع 1987، الأطراس 1983، عتبات 1987) وەکو شیعرییەتێکی نوێ، تا ببێتە جێگرەوەیەك بۆ شیعرییەتی بونیاتگەرەکان کە لەسەر بنچینەی داخرانی دەق دامەزرابوو (بلعابد، 2008: 33). لەمبارەیەوە جینت بایەخێکی لەرادەبەدەری بە چەمکی دەقی هاوتەریب دا و بەشێوەیەك لێکۆڵینەوەی لێکرد کە هەموو دەقە هاوتەریبەکانی دەقی ئەدەبی بگرێتەوە. بەڕای ئەو دەقی هاوتەریب (( دەقێك بۆخۆی کتێبێك بەرهەم دەهێنێت و بەو سیفەتەش خۆی پێشنیاز دەکات بۆ خوێنەران و جەماوەر بەشێوەیەکی گشتی، واتە وەکو پەرژینێکی بەرایی دەق و دەروازە بینراو و زمانەوانییەکانی دەق دەبینرێت (بلعابد، 2008: 33). بەو واتایەی کەدەقی هاوتەریب بەرکەوتەی یەکەمی خوێنەر و ئەوان سەرەتا مامەڵە لەگەڵ ئەو دەقە دەکەن و دواتر دەقە سەرەکییەکە دەخوێننەوە. بەمشێوەیەش دەقی هاوتەریب وەکو پەرژینێك لەدەوری دەقە سەرەکییەکە دەبێت و پردی پەیوەندی نێوان دەقە سەرەکییەکە لەگەڵ خوێنەران دروست دەکات و دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی دەقە سەرەکییەکە گشت بکات بەناو چین و توێژە جیاوازەکانی جەماوەری خوێنەرەوە،کەواتە دەقی هاوتەریب وەکو سیستەمێکی هزری و رۆشنبیری و ئایدۆلۆژی و ئایینی و فەلسەفی خۆی بۆ خوێنەران پێشنیاز دەکات، بەشێوەیەك کەناتوانرێت بەلاوە بنرێت یان پەراوێز بخرێت، بوونیان بە ئاشکرا و بەنهێنی لەدەقدا هەیە. بۆیە دەتوانین بڵێین دەقی هاوتەریب (( تاکە رێگای سەرەکییە بۆ چوونە ناو دەق و قووڵبوونەوە لە جیهانی ناوەوەی دەق بەهەموو شێوەکانییەوە، تەنانەت ئەگەر لەهەندێك دەرکەوتنیدا لەگەڵ دەقی دیکەشدا هاوبەشی کرد، یان لەناو خودی یەك دەقدا بوو، بەشێوەیەك کە رۆشنایی دەخرێتە سەر ئێستاتیکای دەقی ئەدەبی و دەرخستنی لایەنە پرشنگدارەکانی لەرێگای ئەو دەقە هاوتەریبانەی کە نووسەر دەیەوێت لەو رێگایەوە شتێك لەبارەی دەقەکە ئاشکرا بکات و ئاماژەی بۆ بکات)) (جراينية،2015: 6-7).

بەلای ژیرار ژنێتەوە هیچ دەقێك بە بێ دەقی هاوتەریب لە ناونیشان و ناوی نووسەر و پێشکەشکردنەکان و پێشەکی..تاد، بوونی نییە و ئەگەر هەشبێت ئەوا دەقێکی بەتاڵ و ناتەواوە و پێویستی بە پڕکردنەوەو تەواوکردن هەیە، لێرەوەیە رۆڵی دەقی هاوتەریب دێت و دەقەکە پڕ دەکاتەوە، ئەمەش لەچوارچێوەی پەیوەندی نێوان نووسەر و خوێنەردا دروست دەبێت، بەو پێیەی پەیوەندی نێوان نێردراو و وەرگرە، لەمەشدا پەیوەندییەکی نوێتر دێتە کایەوە پەیوەستە بە قبوڵکردن یان رەتکردنەوەی بەشەکانی دەقی هاوتەریب، ئەمەش دەبێتە هاتنەئارای گۆڕانکاری لە دەقی هاوتەریبدا، بۆ نموونە خوێنەر دەتوانێت ناونیشانێکی دیکە بۆ دەق دروست بکات، یان نووسەر چەند ناونیشانێك بۆ دەقەکەی دەستنیشان بکات، ئەمەش وا دەکات رووبەری دەق فراوانتر ببێتەوە ( ابو اليزيد،2023: 1619-1620). بەم پێیە دەقی هاوتەریب بە پلەی یەکەم ئاراستەی خوێنەر کراوە، ئەمەش پرۆسەیەکی عەقڵانییە، چونکە یەکەم شتێك لە کتێبدا کە سەرنجی خوێنەر رادەکێشت بەشەکانی دەقی هاوتەریبە، کە سەرەڕای ئەوەی وەکو پەرژینێکە بۆ دەقە سەرەکی و ڕەسەنەکە، بەڵام بەتەواوەتی ئەو دەقە سەرەکییە بزر ناکات، بەڵکو بەشێکی لێوە دەرباز دەکات بۆ خوێنەر و رێگا دەدات خوێنەر بەشداری لە بەرهەمهێنانیدا بکات، لەرێگا تێگەیشتن لە خودی دەقەکە و دەلالەتەکانییەوە( عبدالغنی ، 2022: 164). کەواتە دەقی هاوتەریب یەکێکە لەو رێگایانەی کە بەهۆیانەوە خەڵك کتێبەکە دەناسن، بەتایبەتیش کە (( بەرهەمی ئەدەبی لە چەند وشەو رستەیەکی بەدوایەکداهاتووی خاوەن مانا پێکدێت، کە ئەو دەقە بەشێوەیەکی رووت و قووت دەرناکەوێت، بەڵکو هەمیشە کۆمەڵێك پێویستییە یارمەتیدەرەکان هاوەڵی دەکەن، کە دەقەکە دەناسن و ناساندن و بەکارهێنانی لەلایەن خوێنەرانەوە ئاسان دەکەن ، ئەو پێویستیانەی دەق وا دەکەن دەقەکە وەکو کتێبێك لەلایەن خوێنەرانەوە دەربکەوێت)) (کمنجی،2014: 9). لەروانگەی تیۆری ژیرار ژنێتەوە دەقی هاوتەریب پێویستی بەوە هەیە کە رەهەندەکانی شیبکەینەوە، ئەو رەهەندانەش لەرێگای پێنج پرسیارەوە لەبارەی دەقی هاوتەریبەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت، ئەوانیش پرسیاری شوێن ( لەکوێ) و پرسیاری کات ( کەی) و پرسیاری چۆنییەتی ( چۆن) و پرسیاری گەیاندن (بۆ کێ) و پرسیاری ئەرکی ( بۆ) لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەش ئەوە دەردەکەوێت کە هیچ شتێك لەدەوەرەی دەق بوونی نییە، هەر لە ناونیشان و دەق و دیزاین و چاپ و وێنەکان بەشێکی جیانەبووەن لە گوتار و هەموویان ئاماژەی تەواوکاری یەکترین(تومی،2009: 21-22). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەقی هاتەریب سروشتێکی پابەندکارانەی هەیە و هیچ دەقێك بەبێ هاوەڵی دەقی هاتەریب بوونی نییە.

سەرەڕای ئەمانەش دەقی هاوتەریب بەشێك لە زانیارییەکانی ناو مەتنی دەقەکە بۆ خوێنەران دەگوازێتەوە، گواستنەوەی ئەو زانیارییانەش بە ندە بە چۆنیەتی دارشتنی بەشەکانی دەقی هاوتەریب ( ناونیشان ، بەرگ و وێنەکانی و رەنگ و ..تاد)، ئەو زانیارییانە بەپێی ئەو بەشانە زۆر و کەم بۆ خوێنەران دەگوزارێنەوە و هاوتەریب دەبن لەگەڵ زانیارییەکانی ناو مەتنی دەقەکە، بەتایبەتیش لە رۆماندا کە لەوانەیە ناونیشان راستەوخۆ ناوی کارەکتەری سەرەکی، یان گوزارشت لە هەڵسوکەوت و رەفتارەکانی بکات، هەروەها بەرگ بە وێنە و رەنگەکانی پەیوەست دەبن بە جووڵە و کردەوەی رووداو و کارەکتەرەکانەوە, ئەمەش وا دەکات پێشوەختە خوێنەر زانیارییەکی دیاریکراو لەبارەی دەقی سەرەکی رۆمانەوە وەربگرێت. کەواتە دەتوانین بڵێین کە دەقی هاوتەریب ئەرکی کورتکردنەوە و چڕکردنەوەو بەرەمزکردنی زانیارییەکانی دەق لە ئەستۆ دەگرێت ( مرشد، کنونی،2021: 355). بە حوکمی ئەو کارانەش، دەبێ ئەوە بزانین کە دەقی هاوتەریب خاوەن پێگەیەکی سەقامگیر نییە، بەڵکو دەقێکی گۆڕاو و پڕ لە جووڵەیە، چونکە رەنگە لە چاپی دووەمی رۆمانەکەدا، رۆماننوس ناونیشانێکی لاوەکی بۆ ناونیشانی سەرەکی زیاد بکات، یاخود رەنگ و وێنەی سەر بەرگەکە بگۆڕدرێت و بەشێوازێکی دیکە رۆمانەکە دیزاین بکرێتەوە، هەروەها بەشێکی دەقی هاوتەریب پەیوەستە بەخودی دەرەوەی دەقەکە کە هەموو ئەو چاوپێکەوتن و نامەگۆڕینەوەی خودی رۆماننوسەکە۔ یان هەموو ئەو باس و توێژینەوانەی لە گۆڤار و رۆژنامەکان لەسەر دەقەکە بڵاودەکرێنەوە کە ئەمانەش بەشێکن لە دەقی هاوتەریب لەشێوەی دەرەوەیدا، ئەمەش وا دەکات دەقی هاوتەریب خاوەن رووبەرێکی فراوانی بێ دیاریکردن و سنوور بێت و هەمیشە لە خولانەوە و جولان دا بێت، هەر بۆیە (ژیرار ژنێت) روو لە نووسەران دەکات و پێیان دەڵێت ئاگاداری دەقی هاوتەریب بن، چونکە بایەخ و گرینگییەکی لەرادەبەدەری هەیە. ئەو بایەخ و گرنگییەش دەکرێت لەم خاڵانەدا کورت بکرێنەوە :

- دەقی هاوتەریب بەشدارە لە تێگەیشتن لە تایبەتمەندی دەقەکە.
- دەقی هاوتەریب وا لە وەرگر دەکات کە جۆرە گفتوگۆیەك لەگەڵ دەقەکە بسازێنێت بۆ بەدەستهێنانی هۆکارەکانی کاریگەری و کارتێکردنی دەق لەسەری.
- دەقی هاوتەریب بیروهزری وەرگر لە مەتنی دەقەکەوە بۆ دەقی هاوتەریب دەگوازێتەوە.
- دەقی هاوتەریب ئاسۆی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی وەرگر لە گەڕان بەدوای بەشەکانی دەقی هاوتەریب و گوزارە کردن بەناویاندا فراوان دەکات تا بەهۆیەوە وێنەیەکی کۆتایی و تەواوی لەسەر دەقەکە لەلا دروست دەبێت (شريف، 2021: 3).

دەبێ ئەوەش بزانین کە دەقی هاوتەریب سەرەڕای ئەوەی کە دەقێکی جوڵاو و گۆڕاوە، لەهەمان کاتیشدا دەقێکە بەپێی گۆڕانکارییەکانی رۆژگار و پێشکەوتنەکانیش

دەگۆڕێت و سنوورەکانی فراوان دەبێت، ئەگەر بەپێی کات لە دەقی هاوتەریب بکۆڵینەوە، ئەوا (ژیرار ژنێت) دوو قۆناغی گرینگ لە ڕەوتی دەقی هاوتەریبدا دیاری دەکات:

قۆناغی یەکەم: هەندێك لەبەشەکانی دەقی هاوتەریب مێژوویەکی تایبەتی هەبووەو رۆژگارێکی دوور و درێژی بڕیوە وەکو ناونیشان، کە لەمێژە کاری لەسەرکراوە، بەڵام بەشەکانی دیکەی وەکو بەرگ و وێنەو نەخشەکان چاوەڕوانی ئەوە بوونە کە کاغەز دۆزراوەتەوەو کتێب بەرهەم هاتووە، ئینجا هاتۆتە کایەوە، بەشێکی دیکەیان پەیوەست بوونە بە هاتنەکایەی راگەیاندن و رۆژنامەگەری، هەندێکیشان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و هەمیشەش لە گۆڕانکاریدان و هەندێك لە بەشەکانی دەقی هاوتەریب بەردەوام تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانیان دەگۆڕێت.

قۆناغی دووەم: پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیاو پەیوەندییان بە دەقی هاوتەریبەوە سەرنجی (ژیرار ژنێت)ی راکێشاوە و بەڕای ئەو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دەرفەتی ئەوەی بۆ دەقی هاتەریب رەخساندووە کە شێواز و کارکردنەکانی بگۆڕێت و لەنوێبوونەوە و لادان و گۆڕان و جێگۆڕکێ دابێت، بۆ ئەوەی بەردەوامییەتی بەرەوتی خۆی بدات لە هەموو باروودۆخەکاندا(لوکام،2009: 47-48).

### 4.2. ئەرکەکانی دەقی هاوتەریب:

دەقی هاوتەریب بەحوکمی کارو دەرکەوتنی دیاری لەناو دەقدا کۆمەڵێك ئەرکی دیاریکراو جێبەجێ دەکات و بەهۆیەوەش دەقی ئەدەبی دەناسرێتەوە، لەوانەش:

#### 1.4.2: ئەرکی جوانیناسی:

کە خۆی لە رازاندنەوەی دەق و کتێبەکەدا دەبینێتەوە بەشێوەیەك کە سەرنجی خوێنەر رابکێشێت، ئەمەش لەرێگای ناونیشانێکی جوان و پێشەکییەکی سەرنجراکێش و رەنگی ناوازەی بەرگ و شێوازی ریزکردنی ناونیشان و شێوازی چاپکردن و فۆرمی وشەکان و دیزاینی کتێبەکە وە دەبێت، کە ئەمانە هەموویان وێنەیەکی جوانیناسی بە کتێبەکە دەبەخشن و چێژ بە خوێنەر دەدەن و رایدەکێشن بۆ خوێندنەوەی دەقەکە (عوامر ، غچیان،2022: 30).

#### 2.4.2: ئەرکی پراگماتیکی:

ئەو ئەرکەیە کە وا دەکات خوێنەران بۆ خوێندنەوە رابکێشێت و بەشێوەی هەنگاو لەدوای هەنگاو بەرەو بنیاتی قووڵی دەقەکەیان ببات(حلیتم،کرام،2023: 1166).

#### 3.4.2: ئەرکی ئاماژەدان:

ئەو ئاماژانە دەگرێتەوە دەقەکە توانای بەرهەم هێنانی مانا و پێکهێنانی ئەو ئاماژانەی هەیە کە نووسەر دەیەوێت بە خوێنەرانی بگەیەنێت ، ئەمەش لەرێگای کارلێکردنی نێوان دەقی هاوتەریب و دەقی سەرەکی دێتە ئاراوە، بەشێوەیەکە هەموو خوێنەرێك دوای خوێندنەوەی دەقەکە توانای بەرهەمهێنانی مانای نوێی هەیە(عبدالحمید،2022:5).

#### 4.4.2: ئەرکی دیاریکردنی ژانری دەق:

ئەمەش ئەو ئەرکەیە وا دەکات پێناسەی دەقەکە لەڕووی ژانرییەوە دیاری بکرێت ئایا شیعرە، یان چیرۆکە، یان رۆمانە....تاد(عبدالحمید،2022: 5).

#### 5.4.2: ئەرکی هەواڵی و پێشکەشکردن:

ئەو ئەرکەیە ئاماژە بە ناوی نووسەر و ئەو چاپخانەیەی چاپی کردووەو ئەو دەزگا چاپەمەنییەی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی دەقەکەی لە ئەستۆ گرتووە(بوسبیسی،2020: 33-34).

#### 6.4.2: ئەرکی تێکەیشتن:

ئەو ئەرکەیە بایەخ بە دیاریکردنی ئامانج و مەبەست لە دانانی دەقەکە روون دەکاتەوە ئەویش لە رێگای ناونیشانی ناوخۆیی و ناونیشانی لاپەڕەو پێشەکی لەلایەن نووسەرەوە جێبەجێ دەکرێت، هەروەها ئەو دەقانەش دەگرێتەوە لەدەرەوەی دەق یان واقیعی دەرەوە بڵاودەکرێنەوە لە وتار و توێژینەوەی رەخنەگران خوێنەر بۆ ناوەوەی دەق دەگوازنەوە(بوسبیسی،2020: 33-34).

### 3. جۆرەکانی دەقی هاوتەریب لە رۆمانەکەدا

دەقی هاوتەریب سنوورێکی فراوانی هەیە ئەگەر بەراوردی بکەین بە دەقە سەرەکی و رەسەنەکە، لە چەندین بارچەی جیا جیا پێکدێت کە لەدەووبەری دەقە سەرەکییەکە و لەدوورەوەش هەن و پەیوەندییان پێوە هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەقی سەرەکی و رەسەنەکە، دەقێکی یەکپارچەیە، بەڵام دەقی هاوتەریب چەندین جۆر و لقی لێ دەبێتەوە کە هەر یەکێکیان لەمانە ئەرك و گرینگی تایبەتی خۆیان هەیە، بەپێی روانگەی تیۆری (ژیرار ژنێت) دەقی هاوتەریب لە دوو روانگەی باروودۆخی ( شوێن) و (کات)هوە جۆر و لقەکانی دیاری دەکرێت .

#### 1.3: لەڕووی باوردۆخی کاتییەوە:

(ژیرار ژنێت) سەرچاوەو چاوگی ئەو جۆرەیان بە مێژووی دەرکەوتنی دەقەوە بەستۆتەوە، واتە کاتی چاپ و بڵاوبوونەوەی دەقەکە دەبێتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی دەقی هاوتەریب لەگەڵیدا، (ژیرار ژنێت) بەشێوەیەك ئەو کاتە کۆنترۆڵ دەکات کە لە دەرکەوتنی چاپی یەکەمی دەقەکەوە سنووورداری دەکات، بەڵام دەقی هاوتەرییەکەی لەڕووی کاتەوە سنوورەکانی فراوانترە لە کاتی چاپ و بڵاوکردنەوەی دەقەکە ، کە ئەمەشیان بەپێی تیۆرییەکەی (ژیرار ژنێت) دابەشی ئەم جۆرانە دەبێت(لوکام،2009:40):

#### 1.1.3: دەقی هاوتەریی پێشوو:

ئەو دەقەیە لەپێش چاپی یەکەم و بڵاوکردنەوەی کاری لەسەر کراوە، جا ئەو کارکردنە بەشێك یان چەند بەشێك لە دەقە سەرەکییەکە بێت، چ بەشێوازی دەستنووس، یان بڵاوکردنەوەی لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بێت، هەروەها ئەو بانگەشەو ریکلامانەی کە بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکە دەکرێت پێش چاپکردن و بڵاوکردنەوەی، ئەمەشیان چ لەلایەن خودی رۆماننوسەکە بێت، یان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە. لەمبارەیەوە ئەگەر سەیری رۆمانی (کازینۆی مندالان) ی (کاروان عومەر کاکەسوور) بکەین هەر چەندە پێش بڵاوبوونەوەی هیچ بانگەشە و ریکلامێك بۆ ئەو بەرهەم ئەدەبییە چ لەلایەن نووسەر و چ لەلایەن دەزگای چاپەکەوە نەکراوە، بەڵام خودی نووسەر دواتر لە کتێبی ( راگەردان)دا کە لەساڵی (2017)دا بڵاوی کردۆتەوە ئاماژەی بەوەداوە کە بەشێکی ئەو رۆمانەی بەناوی (کۆا پلیتی دووکانەکەت) لەساڵی (1985) نووسیوە و بەشێوەی دەستنووس لەلای خۆی ماوەتەوەو بڵاوی نەکردۆتەوە، دواتر لە ساڵی (2013) واتە دوای (28) ساڵ لەگەڵ بەشەکانی دیکەدا لەچوارچێوەی ئەو رۆمانەدا بڵاویکردۆتەوە(کاکەسوور، 2017: 18-19). کەواتە ئەم کتێبە و ئەو دەستنووسە بە دەقێکی هاوتەریی پێشوو دێتە ژماردن کە روونکردنەوەی لەبارەی ئەو رۆمانەوە خستۆتەڕوو. هەر لەم روانگەیەوە رۆماننوس لە چاوپێکەوتنێکدا ئاماژە بەکاتی نووسینی

ڕۆمانەکانی دەدات، لەناویشیاندا ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان) و دەڵێت: ((من وا ڕاهاتووم چەند بەرهەمێک پێکەوە دەنووسم، بۆیە ئاسان نییە بزانم کامیان لە دوای کامیانەوەیە. دەشێت بڵێم هەموویان هاوکاتی یەکترن، بەوەی بەرهەمەکانم بە شێوەیەک لە شێوەکان پێوەندییان بە یەکترەوە هەیە. دەتوانم بڵێم ڕۆمانەکانی (کازینۆی منداڵان)، (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)، (مامزێر)، (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە) و کۆمەڵە چیرۆکەکانی (خەوننامەی دادە سۆزی)، (منارەی ئاوەدانی)، کە هەموویان لە دوای ساڵی 2000ەوە نووسراون)) (کاکەسوور، 2013: 1) کەواتە ڕۆماننووس ساتی پێش چاپکردنی ڕۆمانەکە و نووسینی بەشەکانی ڕۆمانەکەی لەگەڵ ڕۆمانەکانی دیکەدا گرێ دەدات و جۆرێك لە پەیوەندی لەنێوانیاندا دێنێتەئاراوە .

### 2.1.3: دەقی هاوتەریبی ڕەسەن و بنەڕەتی:

لەچوارچێوەی داب و نەریتە ئەدەبییەکاندا بوونێکی تۆخی هەیە و پەیوەستە بە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی چاپی یەکەمی دەقە ڕەسەن و سەرەکییەوە ، لەم ڕووەوەش ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان) ی (کاروان عومەر کاکەسوور) یەکەم چاپی لە ساڵی (2013) لەلایەن ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، بڵاوکراوەتەوە.

3.1.3: دەقی هاوتەریبی دواتر: پەیوەستە بە چاپی دووەم یان زیاتری ڕۆمانەکە، کە ڕەنگە لەگەڵ ئەو دەقانەدا پێشەکییەك چ لەلایەن ڕۆماننوس خۆی، یان دەزگای بڵاوکراوەکە، یان ڕۆماننوس و نووسەرێکی دیکەوە بۆ بنووسرێت و زیاد بکرێت، سەبارەت بە ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان) تائێستا تەنیا چاپی یەکەمی بەردەستەو هێشتا هیچ چاپێکی دیکەی نەکراوەتەوە.

### 2.3:لەڕووی بارودۆخی شوێنییەوە:

(ژیرار ژێنێت) لە تیۆرەکەیدا جەخت لەسەر بارودۆخی شوێنی دەقەکە دەکاتەوە، بەواتای دەق وەکو ماددەیەك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەو ڕۆمانەی کە چاپ و بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ وتە و چاوپێکەوتنەکانی ڕۆماننوس و بابەت و وتار و توێژینەوەکانی ڕەخنەگران بەیەکەوە گرێدەدات کە هەموویان وەکو دەقێکی هاوتەریب کار لەپێناو گەیاندنی پەیام و مەبەستەکانی دەقە سەرەکی و ڕەسەنەکە دەکەنەوە، بۆیە دەقی هاوتەریب دابەشی سەر دوو بەشی سەرەکی دەکات، ئەوانیش (بلعابد،2008: 49-50).

### 1.2.3: دەقی دەوروبەر:

زۆر جار پێی دەگوترێت دەقی ناوەوە، هەموو ئەو پارچانە دەگرێتەوە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەقەکەدا هاوڵێیەتی دەکەن و بە تەریبی لەگەڵ دەقە سەرەکییەکەدا دەڕۆن، ئەوانیش دوو جۆری سەرەکی دەگرنەوە:

### 1.1.2.3: دەقی دەوروبەری نووسین:

بەلای ژیرار ژێنێتەوە دەقی دەوروبەری نووسین ئەو ناوچە گەردوونی و ماددییە دەگرێتەوە کە لەدەوروبەری دەقە سەرەکی و ڕەسەنەکەدا هەن و ڕاستەوخۆش لەژێر بەرپرسیاریەتی کەسی بڵاوکەرەوەو بان وردتر بڵاوکردنەوەکە لە ئەستۆ دەگرن. ئەو لقە تەواوی پارچەکانی وەکو ( ناوی نووسەر، ناونیشان، ناونیشانی لاوەکی، ناونیشانی ناوخۆیی، پێشکشکردنەکان ) لەخۆ دەگرێت.

أ- ناوی ڕۆماننوس: لەبەشی سەرەوەی بەرگدا ناوی نووسەر بە خەتێکی ڕەش و دیار نووسراوە، دیارە کە ئەمەش یەکەم دەقی هاوتەریبە کەلەسەر بەرگەکە نووسراوە. بوونی ناوی ڕۆماننووس لەسەرووی ناونیشانی ڕۆمانەکە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە ڕۆماننووس خاوەن قووڵاییەکی چڕە لە ڕوانینەکانی ئەزموونی هونەری و ڕەخنەیی خۆی لەم بوارەدا تاوداوە. ڕۆماننووس کەسایەتییەکی ڕۆشنبیری و مەعریفی خۆی هەیەو بەوەش لە ناو ناوەندەکانی کۆمەڵگەی ناسراوە، ئەو لە ڕێگای ڕۆمان و چیرۆك و بەرهەمە ڕەخنەییەکانییەوە هەوڵدەدات کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە ببات و لەهەمانکاتیشدا بەرەو ڕەسەنایەتی و بنەڕەتی بوونی خۆی بگەڕێتەوە، ئەو لەو ڕۆمانەیدا جەخت لەسەر ڕەهەندە مرۆڤایەتی و نەتەوەییەکەی دەکاتەوەو هەوڵدەدات کۆمەڵگەی کوردی ڕەسەنایەتی و بنەڕەتی خۆی بناسێت ((هیچ گردبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نییە لەسەر بنەمای ئەفسانە دانەمەزرابێت)) (کاکەسوور،2013: 208)، گەڕانەوە بۆ ئەفسانەی دێرین بەمەرجی دروستبوونی شار و وڵات لەقەڵەم دەدات، کە لەم ڕۆمانەیدا باسی لە مێژووی شاری هەولێر و دروستکردنی شار دەکات، ئەو مەرجە بەگرینگ دەزانێت، بەتایبەتیش لەو گۆڕانکارییە نەرێنییانەی کە شارو وڵاتی گرتۆتەوە. ڕۆماننووس پێیوایە کە ئیدی دەبێ واز لە درۆ و دەلەسە بهێنین و بەکرداری و ڕاستگۆییەوە مامەڵە لەگەڵ نیشتمان و خاك و وڵات بکەین (( گەورەترین درۆ وا لەناو گۆرانی و ئەو سروودانەدان، کە بۆدایك و نیشتمان دەگوترێن)) (کاکەسوور،2013: 88)، ئەو مەترسییەکانی داگیرکاری و وێرانکارییەکانی دەبینێت (( بەڵام دەشێت دوای نیو سەدەی تر مێژوونووسێك بڵێت لە چلەکاندا عەرەب لەهەولێر زۆرینە بوونەو زمانی یەکەمی ئەو شارە عەرەبی بووە)) (کاکەسوور،2013: 152-153)، بۆیە ڕۆماننوس هەوڵدەدات لەڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی و بنەڕەتی بوونی مرۆڤایەتی بەرەنگاری ئەو داگیرکارییەو مەترسییەکانی ببێتەوە، باسکردنی مێژووی شاری هەولێر لە چوارچێوەی باسکردنی مێژووی وڵات و پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایینزاکانی کورد و جوو ومەسیحی و عەرەب لە ڕوانگەی جیهانبینی مرۆڤایەتی ڕۆماننووسەوە دێتەکایەوە. لەبەر ئەوەشە کە ڕۆماننووسان هەمیشە لەڕێگەی شێوازە تایبەتییەکان و جیهانبینی و گۆشەنیگایان بۆ ژیان، ڕێچکەیەکی دیاریکراو بۆ خۆیان دیاری دەکەن و خوێنەر پێشوازییان لێ دەکات، بۆیە ڕۆماننووسی دیار جاری وا هەیە ناوەکەی خۆی لەسەر بەرگ لەسەرەووی ناونیشانی ڕۆمانەکەی بە قەبارە گەورەتر و ڕەنگێکی دیاریکراو و ئاشکرا دەنووسێت، چونکە خوێنەر لەبەر ناوەکەی بەرهەمە دەخوێنێتەوە و پێش وەخت لەڕێگای بەرهەمەکانییەوە ئاشنای جیهانبینی و گۆشەنیگا و شێوازی ئەو ڕۆماننوسە بووە. بوونی ناوی ڕۆماننووسیش لەسەرووی ناوی ئەو ڕۆمانەوە لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە. (ژیرار ژێنێت) لەبارەی ناوی نووسەرەوە، سێ شێوەی دیاریکردووە:

- ئەگەر بەناوی تەواوی خۆی نووسی، کەواتە نووسەری ڕاستەقینە لەسەر بەرگ نووسراوە.
- ئەگەر ناوێکی دیکەی جیا لەناوی ڕاستەقینەی خۆی نووسی، کەواتە نازناوی لەسەر بەرگ نووسراوە .
- بەڵام ئەگەر هیچ ناوێك نەنووسرا، دەچێتە چوارچێوەی نادیاری و نەناسراوییەوە ((بلعابد،2008: 64).

لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری ناوی ڕۆماننووس بکەین، ئەوە دەچێتە چوارچێوەی خاڵی دووەمەوە، چونکە ڕۆماننووس ناوی ڕاستەقینەی حەیدەرە ، بەڵام بە (کاروان) کە نازناوی ڕۆماننووسە، لەسەر بەرگ نووسراوە و بەو ناوەش لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردیدا ناوبانگی پەیداکردووە .

ب - ناونیشان: ناونیشان لەناو دەقی هاوتەریبدا لەگەڵ هەموو پارچەکانی دیکەدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە دەقی سەرەکییەوە هەیە، یەکەم شتە کە چاوی خوێنەر دەکەوێتە سەری و سەرنجی ڕادەکێشێت، بۆیە ناونیشان دەروازەیەکە بۆ دەرگای

کردنەوەی دەق و لەوێوە خوێنەر دەچێتە ناواخنی ناوەڕۆکەوە. لەراستیدا هەموو شتێك لە گەردووندا خاوەن ناونیشانی خۆیەتی و هەموو بوونەوەرەکان بەمرۆڤیشەوە بەهۆی ناونیشانیانەوە لەیەکتری جودا دەبنەوە، بۆیە گرینگی ناونیشان لە دەقیشدا دەردەکەوێت و بەرهەمی نووسەرێك لە نووسەرێکی دیکە بەهۆی ناونیشانەوە لەیەکتری جودادەبنەوە، بۆیە ناونیشان بایەخێکی گرینگی هەیە وەکو رەگەزێکی رۆمان، چونکە(( خوێنەر یەکەم بەرکەوتنی لەگەڵ ناونیشاندا هەیە و پاشتر لەگەڵ دەستپێك و ئەوسا رووبەرووی ناوەرۆکی دەق دەبێتەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ)) (سدیق،2009،: 17)، واتا ناونیشان یەکەم شتێکە کە خوێنەر ئاشنای دەبێت و بەشێکە لە پێکهاتنی تێگەیشتن و چێژبەخشینی رۆمان، بۆیە بایەخێکی لەرادەبەدەری هەیە، ناونیشان بەشێکی گرنگ و پڕ بایەخ لە پرۆسەی نووسین و خوێندنەوەی دەقدا دەگرێتەوە.

ناونیشان هەڵگری گشت پەیامەکانی دەقەکەیە و چڕکردنەوەی رووداوی دەقەکەیەو دەکرێت بەهۆی ناونیشانەوە خوێنەر و وەرگر ئامادەبکرێن بۆ گەڕان بەناو ژوورەکانی دەقدا. ئەگەر چی ناونیشان لە چەند وشەیەك پێك دێت، بەڵام هەر خودی ئەم وشە بەژمارە کەمانە دەبنە کلیلێك و دەرگاکانی دەقی پێدەکرێنەوە. بەو پێیەی کە ( ناونیشان رۆڵی کلیل دەبینێت بۆ کردنەوەی دەرگای دەق و چوونە ناو دەقەوە) ( (3). بەمەش خوێنەر لە نەستی خۆیدا واتای ناونیشانەکەی لەگەڵ ناوەرۆکی دەقەکەدا یەکدەگرێتەوە و بەیەکەوە پارچەکانی مەبەست و مەغزای رۆمانەکە تانوپۆ دەکەن.

ناونیشان لەگەڵ پرۆسەی خودی ناودا یەکدەگرێتەوە و بەهۆی ناونیشانەوە دەقێك لە دەقێکی دیکە جیا دەبێتەوە، واتە ناونیشان هەڵگری کەسایەتی و جەوهەری ئەو بابەت و دەقەیە کە بۆی دەدانرێت و سیما و خەسڵەت و لایەنەکانی تێدا رەنگدەداتەوە. ( ژیرار ژنێت ) پێیوایە لەرێگای دەقی هاوتەریبەوە جۆرێك لە گفتوگۆکردن لەنێوان دەرەوە( خوێنەر ) و ناوەوە (دەق )دا دروست دەبێت، پردی ئەم گفتوگۆیەش ناونیشان دروستی دەکات، لەئەنجامیشدا یان ئەوەتە خۆشەویستییەك لەنێوانیاندا دروست دەبێت و سنوورەکان دەشکێن و خوێنەر لەگەڵ دەق دەتوێتەوە، یانیش رەتکردنەوە دێتە ئاراوەو گفتوگۆیەکان لەناودەچن و دابڕان لەنێوانیاندا دروست دەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناونیشان لەدەقدا چەند ئەرکێکی گرنگ رادەپەڕێنێت:

1ـ ناسنامەی دەق دیاری دەکات.

2ـ دەقێك لەدەقەکانی دیکە جیا دەکاتەوە .

3ـ تەواوی سیفەت و خەسڵەت و سیما و رەنگ و رووی دەقە لە ناونیشانەکدا دەچەسپێت و رەنگدەداتەوە.

3ـ کلیلی چوونە ژوورەیەوە بۆ ناو ژوور و گۆرەپانی دەق.

4ـ ئامادەکردنی خوێنەرە بۆ وەرگرتنی ئاماژە و هێماکانی ناو دەقەکە .

5ـ کاریگەری تەواوی بەسەر توخمەکانی دیکەی گێڕانەوە وەکو رووداو و کارەکتەر و کات و شوێنەوە هەیە و دەکرێ ببێتە بەشێکی روونکەرەوەی یەکێك لەم توخمانە و ناونیشانەکەی لەمانەوە بەدەست دەهێنێت. (حسین، 2007: 41)

لەبەر ئەوە بە هۆی ناونیشانەوە، خوێنەر جۆرێك لە رۆشنبیریی دەست دەکەوێت و بەهۆی خوێندنەوەی تەواوی دەقەکەش رووبەری ئەو رۆشنبیرییە فراوان دەبێتەوە و رەنگ و رووی دەچەسپێت. بۆیە دەکرێت خودی ناونیشان بەدەقێك دابنرێت، دەقێکی چڕ وکورتکراوە لەناو دەقە ڕەسەنەکەدا، چونکە ناونیشان کاکڵەی دەرەوەی دەق لەخۆ دەگرێت و وەکو بەرگێك وایە، چەند جوان سەرنج راکێش و فانتازی بێت، ئەوەندە خوێنەر و وەرگر گیرۆدەی خۆی دەکات و لەبەرگەکەوە ئاراستەی ناواخنیان دەکات و پەلکێشی خوێندنەوەیان دەکات. ناونیشان دەکرێتە چەند بەشێکەوە:

ـ ناونیشانی سەرەکی: ئەو ناونیشانەیە کە دەقەکە بەناوییەوە دەکرێت و لەسەر بەرگ دەنووسرێت و دەبێتە شووناس و هەڵگری ناسنامەی دەقە سەرەکی و ڕەسەنەکە. ئەو ناونیشانە هەمیشە وەکو ناونیشانێکی دیاریکراوی تایبەت بەو دەقە دەناسرێتەوەو ئاماژەی بۆ دەکرێت. لەم روانگەیەوە ناونیشانی سەرەکی رۆمانەکە( کازینۆی منداڵان) ناونیشانێکە زیاتر لە یەك وشە لەخۆ دەگرێت. بەمەش بەشێك لە زانیارییەکانی دەق کە بریتییە لە باسکردنی کازینۆیەکی تایبەت بە منداڵان لەرێگای ناونیشانەوە بۆ خوێنەر دەگوازرێنەوە، کە دەبێتە هۆکاری پرسیارگەلێکی زۆر لەلایەن خوێنەرانەوە لەبارەی ئەوەی کە دەبێ ئەو کازینۆیە چۆن بێت و چ رووداوێکی تێدا روودات؟ بەتایبەتیش کە هەموو کەسێك لەبارەی کازینۆ زانیاریی دیاریکراوی هەیە، کە شوێنێکە مرۆڤ بۆ حەسانەوەو ئارامی مێشکی و دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی رووی تێدا دەکات، هەروەها بەشی دووەمی ناونیشانەکەش منداڵ تەمەنێکی دیاریکراوی مرۆڤە، کە بە جوانترین و ئەفسوناویترین ماوەی تەمەنی مرۆڤ دیاری دەکرێت، کە هەمیشە مرۆڤ گەورەش بێت، سۆزی بۆ ئەو قۆناغەو یادەوەرییەکانی هەیە. بۆیە لەڕووی وشە فەرهەنگییەکانی ئەو ناونیشانەوە بەشێك لەزانیارییەکانی دەست دەکەوێت کە ئەمەش واتایەکی ئاشکرا بەدەستەوە دەدەن و سەرچاوەکانیان دیارو بەرچاون. جیا لەمانەش ناونیشانەکە دەلالەتە بۆ هەردوو رەگەزی گێڕانەوە شوێن و کارەکتەر، چونکە کازینۆ شوێنێکی هۆگری کراوەی گشتییە کە هەموو چین و توێژێك رووی تێدەکەن، منداڵیش تەمەنێکی پڕ لە پاکی و نەزاکەتی تەمەنی مرۆڤە کەتێیدا منداڵان هەموویان لە یەکتر دەچن و جیهانێکی پاك و بێگەردیان هەیە و بەمەش کارەکتەر رۆڵی خۆی لەو ناونیشانەدا پیشان دەدات کە کارەکتەرێکی تاك نییە، بەڵکو جەماوەرێکی منداڵان دەگرێتەوە، لەراستیشدا کارەکتەرە سەرەکییەکەی ئەو دەقە (مامۆستا سوهاد) کەتەمەنی گەورە بووە لەرێگای گەڕانەوە بۆ ئەو کازینۆیە، دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی منداڵی خۆی و لەوێوە و لەرێگای تەکنیکی فلاش باك و پێشخستن و دواخستنی کاتەوە مێژووی بنەماڵەکەی و شارەکەی بۆخوێنەران دەگێڕێتەوە، بەو واتایەی کازینۆی منداڵان ئەو دەروازەیە کە کارەکتەری سەرەکی دەیەوێت لەوێوە بگەڕێتەوە هەمان دۆخی منداڵانی و دەورانی ئەو سەردەمەی بنەماڵەکەی خۆی و بنەماڵەکانی شارەکەی بگێڕێتەوە .

سەرەڕای ئەمانەش ئەو ناونیشانە لەرێگەی دوانەی (واقیعی ـ خەیاڵ)هوە کاری لەناو دەقەکەدا گێڕاوە، بەتایبەتیش کە ڕاستە کازینۆ و منداڵان لەواقیعدا هەن و ئاشنان، بەڵام بە لکاندنیان بەیەکەوە دەستەواژەیەکی خەیاڵیان بۆ شوێنێکی خەیاڵی دروستکردووە، بۆیە ئەو ناونیشانە سەرنجی خوێنەران رادەکێشێت کە خەیاڵ رۆڵی سەرەکی لە چنیندا گێڕاوە و لەناو دەقەکەشدا رۆڵی خەیاڵی ئەو ناونیشانە بەرچاو دەکەوێت کاتێك کارەکتەری سەرەکی (مامۆستا سوهاد) بەتەمەنێکی پیرەوە لەسەر شەقام دەست لە تەکسییەکان رادەگرێت بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە ئەو کازینۆیە (( ـدەتوانیت بمگەیەنیتە لای کازینۆ منداڵان...؟! ئیتر شوفێرەکە وای دەزانی گاڵتەی پێ دەکات، بۆیە تووڕە دەبوو و جێی دەهێشت.. یەك دووانێکیان جونێیشیان پێی دا)) (کاکەسور،2013: 9) ، دەستپێکی رۆمانەکە بە پیشاندانی کارکتەری سەرەکی بۆ رۆیشتن بە کازینۆی منداڵان دەست پێدەکات، بەڵام تا کۆتایی رۆمانەکە تەنیا یەك دیمەنی ناو ئەو کازینۆیە پیشان دەدرێت کە شاگردەکە پێشوازی لێدەکات و پێی دەڵێت کە بەهیچ شێوەیەك نابێت باسی گەورەیی بکرێت (( گوێ بگرە...؟! دەزانم ئەوە یەکەمجارە دێیتە ئێرە و هێشتا شارەزای یاساکانی نیت، بەڵام ئەگەر لە دڵی خۆیشتدا بیر لە گەورەیی بکەیتەوە، من ناچارم دەرتبکەم)) ( کاکەسوور،2013: 16) ئەمەش یەکێك بووە لە یاسا و رێسایە هەرە دیارەکانی ئەو کازینۆیە کە نابێت بەهیچ شێوەیەك باس لەگەورەبوون بکرێت و تەنیا دەبێت بگەڕێنەوە بۆ دەورانی منداڵی، کە ئەمەش پەیوەستە بەخودی رووداوەکانی ئەو رۆمانەوە کە کارەکتەری سەرەکی لە ئەنجامی ئەو

کارەساتەی کەبەسەری خۆی هاتووە لە ونبوونی کچەکەی و مردنی کوڕەکەی و جیابوونەوەی خێزانەکەی پاشان لەرێگای فلاش باکەوە مێژووی بنەماڵەکەی لە باب و باپیرەوە دەگێڕێتەوە کە هەموویان دووچاری کارەسات و کوشتن بوونەتەوە بەهۆی ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە، کە ئەمە بەلای کارەکتەری سەرەکییەوە لە ئەنجامی گەورەبوونی تەمەنەوە هاتۆتەکایەوە، ئەگینا مرۆڤ لە تەمەنی منداڵیدا دنیایەکی پاك و بێگەردی هەیە و دوورە لەهەموو کێشەو گرفتەکانەوە، بەتایبەتیش ململانێی ئایینی نێوان موسڵمان و جوو و مەسیحی و ململانێی نەتەوەیی کورد و عەرەب کە هەموو ئەوانە لە ئەنجامی گەورەبوونی تەمەنەوە مرۆڤ دەکەوێتە ناویەوەو لەمنداڵی لەم شوناسنامانە دوورە .

هەروەها لەرێگای ئەم ناونیشانەوە رۆماننوس مێژووی شاری هەولێر شەن و کەو دەکات و هەوڵدەدات واقیعبوونێك بۆ کازینۆی منداڵان دیاریبکات کاتێك لەزاری کارەکتەری سەرەکییەوە دەڵێت (( لەناو جەرگەی شارە ، بگرە دەڕوانێتە قەڵاتیش )) (( کاکەسوور،2013: 10) لەو رێگایەوە دەیەوێت بەرگێکی واقیعی بەو کازینۆیەدا بدات کە تەنیا لەتەواوی رۆمانەکەدا لە یەك دیمەندا خراوەتەڕوو، هەر چەندە کۆی گشتی رووداوەکانیشی پێوە بەندکراوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە گۆڕانکارییەکانی ناو شار باس بکات (( ئەو کازینۆیە نەماوە و کراوەتە ئاپارتمانێکی بەرز...... شوفێر بۆی باس دەکات کە ئەو دەوروبەرە هەمووی تێك دراوە، تەنانەت سینەماکانیش شوێنەکانیان لێ دراوەو کراونەتە گەراژی ئوتۆمبێل.. تەنیا مزگەوتەکان نەبن.. ئەوانیش وەکو خۆیان نەماون، بەڵکو نوێیان کردوونەتەوەو نەخشی گومبەز و منارەکانیشیان سەرتاپێ گۆڕیوون..)) (( کاکەسوور،2013: 10-11) رۆماننوس دەیەوێت بڵێت لەگەڵ گەورەبوونی تەمەن، شاریش گۆڕاوە، ئەو گۆڕانکارییە زیاتر لە رێگای نەمانی کازینۆی منداڵان و تەواوی بینا کۆنەکان و تەنانەت مزگەوتەکانیشەوە هاتۆتەئاراوە. بەمشێوەیە ناونیشانی (کازینۆی منداڵان) وەکو تارماییەك لەناو دەقەکەدا بوونێکی خەیاڵی و واقیعی هەیە و رۆماننوس لە کۆتایی هەر بەشێکدا بەشێك لە مێژووی ئەو کازینۆیە ئاشکرا دەکات و دەیکاتە قوفڵی بەشەکە، ئەوەتا لە کۆتا بەشی دووەمدا (وریا)ی کارەکتەر رووی لە (مامۆستا سوهاد) کردووەو دەڵێت (( تۆ سووری لەسەر ئەوەی بڵێیت کاتی خۆی ئێرە (کازینۆی منداڵان) بووە، بەڵام من ئەوە یەکەمجارە ناوی دەبیستم.. ئەوندە دەزانم لەم شوێنە گۆمێك هەبوو... ئێواران (مەیسوون)مان دەهێنا، تاکو تێر تێر ئاوی لێ بخواتەوە)) (( کاکەسوور،2013: 191). بە پێچەوانەی ئەو کازینۆیە خەیاڵی و واقیعییەی ناو دەقەکە، کازینۆیەکی دیکەش لە بەشی سێیەم و کۆتا بەشی رۆمانەکە ئاماژەی بۆ کراوە (( تا ئەم ساتەش کازینۆ ناوی نییەو هەر بە کازینۆی داماوەکان ناسراوە ئەویش لە بازنەیەکی تەسکدا)) (( کاکەسوور،2013: 246)، بەڵام دواتر بەهۆی هاتنی (شێرکۆ) ناوێکەوە کە کارامە بووە لە گێڕانەوەی چیرۆك لەناو ئەو کازینۆیەدا ناوی دەبێتە (کازینۆی شێرکۆ) و ناوبانگی لە شارەکەدا دەردەکات، ئەم کازینۆیە وەکو رەگەزێکی شوێن بوونێکی واقیعی لەناو رۆمانەکەدا هەیە و بەشێك لە رەوتی رووداوەکان و کارەکتەر لەناویدا بەڕێوەدەبرێن. بەمشێوەیە شوێن رۆڵی گرینگ لەو رۆمانەدا دەگێڕێت کە ئەویش ئەو کازینۆیانەیە کە شوێنێکی هۆگر و کراوەو وگشتین.

ـ ناونیشانی لاوەکی: ئەو ناونیشانانە دەگرێتەوە کە لەناواخنی دەقە سەرەکییەکدا دێن، ئەمەش بۆ جیاکردنەوەی بەشەکان دەبێت. لەم رۆمانەدا کە لە چوار بەش پێکهاتووە، سێ بەشی یەکەمی لەرێگای بەکارهێنانی وشەی (بەش) و ژمارەوە ناونیشانی لاوەکی لەناو دەقەکەدا دروستکراوە بەشێوەی ( بەشی یەکەم، بەشی دووەم، بەشی سێیەم) کە دیارە ئەم ناونیشانانە رۆڵی گرینگیان بینیووە لە دروستکردنی رووداوەکان و کارەکتەرەکان و دواتریش بەشداریکردن لە وێنە گەورەکەی رۆماندا، دەبێ ئەوەش بزانین بەش بەشکردنی رۆمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەگەڵ پەیدابوونی ژانری رۆماندا، رۆژنامەو گۆڤار کاریگەری گەورەیان لەو ناساندنی ئەو ژانرەدا هەبووەو رۆماننوسان سەرەتا لەرێگای رۆژنامە و گۆڤارەکانەوە بە بەش بەش رۆمانەکانیان بڵاودەکردەوە بۆ ئەوەی بەشەکان بزر و تێکەڵ نەبن و زنجیرەیی ئەلقە بەدەست بێنن، ژمارەیان بۆ دانراوە، دیارە ئەمەش دواتر بۆتە نەریتێك لە نووسینی رۆماندا و گۆڕاویشە بۆ ئەوەی ناونیشانی وشەو رستەیش دابنرێت. بۆیە دەبینین لە بەشی چوارەمدا ناونیشانێکی لاوەکی لەشێوەی رستەیەکی پرسیاری ناوەزەد کراوە ( کوا پڵێتی دووکانەکەت...؟) لەم ناونیشانەشدا رووبەرووی وشەی دووکان دەبینەوە کە دەلالەتە لەشوێن، شوێنێکی گشتی و هۆگریشەو خەڵك رووی تێدەکەن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان. لەراستیشدا ئەو بەشە بە ناونیشانەکەیەوە لەساڵی (1985)هوە نووسراوە و لەشێوەی شانۆدا بووە، دواتر رۆماننوس هێناوەتییە ناو رۆمانەکەی لە بەشی کۆتاییدا رەوتی رووداو و بەسەرهاتی کارەکتەرەکانی پێ تەواو کردووە. رۆماننوس لەرێگای ئەو ناونیشانە لاوەکییانەوە رووداو و کارەکتەرەکانی بەش کردووەو لە هەر بەشێکدا چەند کارەکتەر و ماڵباتێك رەوتی رووداوەکان بەڕێوە دەبەن، بەمەش ئەو ناونیشانە لاوەکییانە دەستی رۆماننوسیان کردۆتەوە لە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی گێڕانەوە و دابەشکردنی کارەکتەرەکان و رووداوەکاندا .

ج ـ دیاریکردنی ژانری دەق: لەبەرگی پێشەوەدا و لەبەشی سەرەوە و لەسەر ناوی رۆماننوس بە بچووکی نووسراوە (رۆمان) کە ئەمەش دەلالەتە لەوەی کە رووداوەکانی ئەو رۆمانە ئەوەندە تێکچڕژاون و ژیان ئەوەندە تەڵخ و تاریك بووە کە لە توانای لاپەڕەکانی ئەو رۆمانەدا نییە هەمووی بگوازێتەوە. بەواتا رووداو و کارەکتەرەکانی ناو رۆمانەکە بەشێکی زۆر بچووکی رووداو و کارەکتەرەکانی ژیانن و رۆمان ئەو بەشە بچووکەی گواستۆتەوە. بەکارهێنانی زاراوەی رۆمانیش شوناس و ناسنامەی دەقەکەی دیاریکردووە و هەم لە دەقەکانی دیکەی رۆماننوس کە بەشێکیان چیرۆك و شیعرن جودای کردۆتەوەو هەمیش ئەو کتیبەی لە تەواوی کتێبەکانی دیکە جودا کردۆتەوەو ناسنامەی ژانرێکی ئەدەبی کە رۆمانە پێی بەخشیووە. دیارە نووسەر هەمیشە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ ئەوی دیکە و هەمیشە نووسین و دەقەکانی بۆ ئەوی دیکە ئاراستە دەکات، دیارە ئەوی دیکەش جەماوەری خوێنەرە، کە دەڵێین جەماوەرە واتە هەموو جۆرە ئارەزوو و چێژ و پسپۆری و ....تاد لەخۆ دەگرێت. کاتێك نووسەر ژانری دەقەکە لەسەر بەرگ دیاری دەکات، ئەو لەهەمانکاتیشدا لەناو ئەو جەماوەرە خوێنەرەش چینێکی دیاریکراوی دەستنیشانکردووە، چونکە ئەوانەی کە حەزیان لە ژانری رۆمان نەبێت، بێگومان هەوڵی دەستخستن و خوێندنەوەی نادەن، کەواتە لێرەدا چەند دەقەکە ژانری دیاریکراوەو ناسنامەی بۆ دروستکراوە، بەهەمانشێوەش لەناو خوێنەرانیشدا بەهۆی دەستنیشانکردنی ئەو ژانرە لەسەر بەرگی رۆمانەکە، چینێك دیاریکراوەو ناسنامەی بۆ دروستکراوە کە لەناو ژانرە ئەدەبییەکاندا هۆگری ژانری رۆمانن .

بەدیاریکردنی ئەو ژانرەش دەقەکە شوناسی تایبەت بە خەسڵەت و بنەماکانی گێڕانەوەیی رۆمانەوە وەرگرتووە و خوێنەر ئەوەی بۆ روون بۆتەوە کە ئەو دەقە ناواخنەکەی باسی چی دەکات و نووسەریش یەکلایی بۆتەوە کە چ دەقێك ئاراستەی خوێنەر بکات. ئەوەی لێرەدا جێگەی باسکردنە ئەوەیە کە خودی رۆماننوس ئاماژەی بەوەداوە کە هەموو دەقەکە رۆمان نییە، بەڵکو بەشێکی ئەو دەقە سەرەتا (شانۆ) بووە، واتە ژانرێکی دیکەی ئەدەبی ناسنامە و شوناسی دەقەکە بووە، هەروەکو دەڵێت (( ساڵی هەشتاو پێنج دوو شانۆگەریم نووسی، کەراستییەکەی هاوڕێیانی (ئامادەیی رزگاری) داوایان کرد بۆیان بنووسم، بەو مەبەستەی لەهۆڵی شانۆی قوتابخانەدا

نمایشیان بکەن. یەکێکیان باسی ژیانی قوتابییانی دەکرد و نمایش کرا، بەڵام دووەمیان (کوا پلێتی دووکانەکەت) کۆمیدی بوو، لەبەر هەندێك هۆکار نمایشکردنی زەحمەت بوو، ئەوەیانم وەك خۆی لە رۆمانی(کازینۆی منداڵان) دا بەکار هێنا)) (کاکەسوور، 2017: 18-19) لێرەدا دوو ژانری ئەدەبی تێکەڵ کراون، بەڵام لەبەرگی کتێبەکە تەنیا یەك ژانرە کە ئەویش رۆمانە و ئاماژەی بۆ کراوە، دیارە ئەو رۆمانە خەسڵەت و بنەمای تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە دەبینین ئەو بەشەی کە رۆماننووس هەر راستەوخۆ بەناوی خۆیەوە خزاندۆتە ناو رۆمانەکەیەوە، خەسڵەتی گفتوگۆ کە یەکێکە لەخەسڵەتە دیارەکانی شانۆ چنینی پێکدەهێنێت بەتایبەتیش لە سەرەتای بەشەکەوە. ئەوەی رۆماننووس روونی نەکردتەوە ئەوەیە کە ئایا  ئەو شانۆیەی کە کردوویەتیە بەشێکی رۆمانەکەی، دەستکاریکردووە؟ خەسڵەتی گێڕانەوەیی لەچاو خەسڵەتی گفتوگۆیەکەیی گۆڕیووە؟ رەوتی رووداو و کارەکتەرەکانی گۆڕیوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ رەوتی رووداو و کارەکتەری بەشەکانی رۆمانەکەی بگونجێت؟ بێگومان روونکردنەوەی ئەو لایەنانەی لەلایەن خودی رۆماننووسەوە گرینگن لەبارەی دەستنیشانکردنی ژانری دەقەکە.

د ـ پێشەکی: لەدەقی هاوتەریبدا پێشەکی گرینگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە زەمینەسازی دەکات بۆ ئەوەی هۆشی خوێنەر لە دەرەوە دابېرێت و ئاراستەی ناواخنی دەقەکەی بکات، بەمەش رێگا خۆش دەکات کە کارکتەرەکان بناسرێن و جۆری رووداوەکەش ئاشکرا بن بۆ خوێنەران. بەم پێیە پێشەکی بەشێکی دیاریکراو لە زانیارییەکانی دەق بۆ خوێنەران دەگوزاێتەوە و بەشداری لە دروستکردنی زانیارییەکی پێشوەختە لەبارەی ناواخنی دەقەکەوە دەکات. رۆماننووس لەرێگای پێشەکییەوە هەوڵ دەدات زیاتر ئەو زانیارییانەی کە وابەستەن بەدەقەکە و ئەو وتەو گوتەزایانەی پەیوەستن بە فەزای ناواخنی دەقەکە بخاتە بەردەستی خوێنەر، بۆ ئەوەی خوێنەر پێشوەختە زانیارییەکی لەبارەی بابەتەکە و ناوەرۆکی رووداوەکەوە هەبێت، ئەمەش وا دەکات سەرنجی خوێنەر رابکێشێت و دووچاری چەندین پرسیار و سەرسووڕمان ببێتەوە لەبارەی ناواخنی دەقەکەوە. بۆیە شێوازی ئەو پێشەکییە بەپێی ناواخنی دەقەکە و ستراتیژییەتی پەیام و مەبەستەکانی رۆماننوس گۆڕانکاری بەسەردا دێت، کە ئەمەش کار لە کورتی یان درێژی پێشەکییەکە دەکات .

لەم رۆمانەدا رۆماننوس لە پێش دەستپێکردنی بەشی یەکەم و ناواخنی  دەقەکەوە پێشەکییەکی نووسیووە و دەڵێت((   لەسەرەتای گەنجیمدا هەمیشە ئاواتم دەخواست رۆژێك بتوانم بنووسم، تاکو شانازی بەخۆمەوە بکەم، کە نووسەرم. بەوەدا دەزانم ئەو رۆژە هێشتا نەهاتووە، چونکە ساتێك نادۆزمەوە تێیدا هەست بەو شانازییە بکەم. مانای وایە تاکو ئێستا نە دێڕێکم نووسیوە و نە نووسەریشم)) (کاکەسوور،2013: 5) هەر چەندە لێرەدا پێشەکییەکە زۆر کورتەو تەنیا  پەڕەگرافێکە، بەڵام ئاماژە بە خەسڵەت و ئاماژە خودییەکانی رۆماننوس دەکات و پرۆسەی نووسین دێنێتەوە کایەوە و باس لەوە دەکات کە رۆماننوس لەمێژە خولیای نووسین لەکەللەی داوە، بەڵام هێشتا ئەو رۆژە نەهاتووە وەکو نووسەرێك دەربکەوێت، ئەم پرۆسەیەش پەیوەست دەکات بە شانازی بوون، واتە شانازی بوون بەوەی کە دەنووسێت و دەبێتە نووسەر .

ئەم پرۆسەی نووسینە کە وەکو دەرخستنی لایەنێکی خودی و ئارەزوویەکی رۆماننووس پیشان دراوە، رەنگە پەیوەستی بەخودی رۆماننووس خۆیەوە هەبێت، کە زیاتریش وا بەستەی تەمەنێکی دیاریکراویش کراوە کە گەنجێتییە، واتە لەو سەردەمەوە خولیاو ئارەزووی ئەوەی هەبووە ببێتە نووسەر و لەرێگای نووسینەکانیەوە بەشداری لە پێشختنی کەلتووری کۆمەڵگەکەی بکات، بەڵام رۆماننوس بەوپەڕی خاکی بوونەوە دان بەوەدا دەنێت کە هێشتا نەبۆتە نووسەر، لەکاتێکدا ئەو خودی نووسەری رۆمانەکەیە، ئەمەش دوالیزمێك بۆ خوێنەران دروست دەکات و راپێچی بیرکردنەوەو و رامان و دەیان پرسیاریان دەکاتەوە، ئەمەش زەمینەسازییەکە بۆ ئەوەی خوێنەران گیرۆدەی خوێندنەوەی دەقە سەرەکی و ڕەسەنەکە بکات. بەو واتایەی رۆماننوس لەرێگەی ئەو پێشەکییەوە هەوڵیداوە خوێنەران پەیوەست بە زاتییەتی خۆی بکات و لە دنیای خۆیان و دەرەوەیان دابېڕێت و ئاراستەی ناو دەقە سەرەکییەکەیان بکات .

3ـ2ـ1ـ2: دەقی دەوروبەری بڵاوەکراوەیی: ئەو لقەش پارچەکانی وەکو ( بەرگ ، ناوی دەزگا،  وتاری دەزگای بڵاوەکەرەوە، لیستی زنجیرە بڵاوکراوەکانی دەزگا) لەخۆ دەگرێت, دیارە ئەو بەشەیان زیاتر دەچێتە خانەی بواری بڵاوکردنەوەیی و نەخشەسازییەوە، ئەمانەش کاریگەری گەورەیان لەسەر دەقە سەرەکییەکە هەیە، چونکە بەرکەوتەی یەکەمن لەگەڵ جەماوەری خوێنەردا و سەودای زانیارییەکان دەکەن لەگەڵ ئەو جەماوەرەی کە شەیدای ژانری رۆمانە.

أـ دەزگای بڵاوکردنەوە: دەزگای بڵاوکردنەوەی رۆمانەکە (ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە) کە ناوەندێکی کولتووریی گشتییە و لەناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوە و کتێبفرۆش و کافێ کتێب پێکدێت، بارەگای سەرەکی لەشاری سلێمانییە، لۆگۆی دەزگاکە لەسەر بەرگ و لەلاپەڕە سەرەتاییەکاندا دانراوە .

ب ـ بەرگ : لێکۆڵینەوە نوێخوازییەکانی رەخنە بایەخێکی گرینگیان بە بەرگ داوەو و بەشێك لە دەقی سەرەکی و ڕەسەنەکە دایانناوە، نەخشەسازی بەرگ و وردەکارییەکانی دەچێتە خانەی دەقی هاوتەریبەوە کە راستەوخۆ پەیوەست بە دەقی سەرەکی دەبێتەوە، چونکە بەرگ ((تەنیا فۆرمێکی رازاوە و جوانکاری نییە، بەڵکو دەچێتە ناواخنی رێچکەو پەناوپێچەکانی دەقەوە، تەنانەت هەندێکجار خۆی دەبێتە ئاماژەی دیاریکراوی رەهەندەکانی دەقەکە)) (دریدی، 2010: 207) ، بەو واتایەی بەرگ پەیوەندییەکی راستەوخۆ و پتەوی بە ناواخنی دەقی سەرەکی لە رووداو و کارەکتەر و شوێنکاتی رۆمانەوە هەیە و بەشێك لە زانیارییەکانی دەق بۆ خوێنەران دەگوازێتەوە. رۆماننوسان هەمیشە بەشێك لە پەیام و مەبەستەکانیان وەکو ئاماژەو نامەیەك لە چوارچێوەی بەرگ بۆ خوێنەر و وەرگر دەنێرن، چونکە بەرگ ئەو رووبەرە فراوانەیە کە رۆماننوس دەتوانێت چەندین کۆد و نیشانە و پەیامی تێدا جێ بکاتەوە کەرەنگە لە زمانی ئاساییدا جێگەی نەبێتەوە، هەر کاتێکیش خوێنەر توانی ئەو کۆد و نیشانەو ئاماژانە شی بکاتەوە زۆر بە ئاسانی دەچێتە ناواخنی دەقە سەرەکییەوە (( بکری




، قاسم، 2023: 88)  ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەرگ چوارچێوەیەکە دەق لە خۆ دەگرێت و  ئەرکی زۆر گرینگ و قورسی لەسەر شانە، چونکە ئەو بەشی پێشەوەی دەقەکەیە و خوێنەر راستەوخۆ و یەکەمجار رووبەڕووی بەرگ دەبێتەوە، لەمبارەیەوە (ژیرار ژنێت) ڕای وایە کە جۆر و بەشەکانی چاپکردن  و نەخشەسازی جەخت لە

بەهێزی مێژوویی بەرگ دەکەنەوە لەناو هەموو پێکهاتەکانی دەقن، بەڕای ئەو لە بەرگدا هیچ شتێك نییە بێ لایەن و هەڕەمەکی و فەرامۆشکراو ولاوەکی و کەم بایەخ بێت، بەڵکو بەشێوەیەك کە دەست و چاو و زمان و تەواوی ئەندام و هەستەکان بەشداری لە خوێندنەوەیدا دەکەن (بلعیدە،2014: 78)، بۆیە چەند بەرگ بە ڕێکوپێکی و وردەکارییەوە دیزاین بکرێت، ئەوەندە خوێنەر کەمەندکێش دەکات و سەرنجی رادەکێشێت و ئاراستەی دەقە سەرەکی و ڕەسەنەکەی دەکات، چونکە جاری وا هەیە دەقە سەرەکییەکە بەهێزە، بەڵام بەرگێکی بێ گیان و بێ هەماهەنگی و ناهارمۆنی هەیە و خوێنەر راناکێشت و بەلایەوە ناچێت، بە پێچەوانەوەش ڕەنگە بەرگێکی رازاوەو هاوئاهەنگ بە وردەکارییەوە نەخشەسازی بۆ کرابێت خوێنەر رابکێشت بۆ خوێندنەوەی، بەڵام دواجار لەگەڵ دەقە سەرەکییەکە لاواز و کرچ و کاڵ بکەوێتەوە. رۆمانووس (کاروان عومەر کاکەسوور) یەکێکە لەو رۆمانووسانەی کە بایەخی بەرگی لەلا گرینگ بووەو رۆڵی بەرگی لە گەیاندنی پەیامدا نرخاندووە، ئەوەتا کاتێك باس لە رەخنەگری میللی دەکات، ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەو جۆرە رەخنەگرە بەلاوە گرینگ نییە چی دەنووسێت، بەڵکو گرینگە چەند دەنگی جەماوەر بێت، ئەوەتا دەڵێت(( تەنانەت کار دەگاتە ئەوەی نەك هەر لەم ئاستەدا بنووسێت، بەڵکوو بەرگی کتێبەکانیشی بە شێوەیەك بنەخشێنێت، کە لەگەڵ داخوازیی جەماوەردا ڕێك بکەوێت)) ( کاکەسوور، 2023: 195).

ئەگەر چی بەرگ ناوی نووسەر و ناونیشان و دیاریکردنی ژانری دەق و ... تاد لەخۆ دەگرێت کە دەچێتە چوارچێوەی دەقی دەروبەری نووسین، بەڵام خۆی وەکو دەقێکی دەروبەری بڵاوکراوەیی لە چەند بەش و پارچەیەك پێکهاتووە کە هەموویان شێوەی وێنەیەکی گشتگیر خۆیان دەنوێنن و دەچنە بەرچاوی خوێنەر، کە ئەمانەن:

1ـ بەرگی پێشەوە: بە گرنگترین بەش لە قەڵەم دەدرێت، چونکە یەکەم بەشە دەکەوێتە بەر چاوەکانی خوێنەر و وەرگر و بەهۆی ئەم بەشەوە خوێنەر بڕیاری خوێندنەوەو یان نەخوێندنەوەی دەقەکە دەدات، سەرەڕای ئەمانەش ئەو بەشە هەڵگری بەشێکی راستەوخۆ و سەرەکی زانیارییەکانی دەقە سەرەکییەکەیە، بۆیە بەرگی پێشەوە پردی یەکەمی بەیەکەوە بەستنەوەی خوێنەر و دەقە سەرەکییەکەیە، چەند بەرگی یەکەم لەڕووی نەخشەسازییەوە ڕێك و ورد بێت هێشتا کەمە، ئەم بەشەش لەمانەی خوارەوە پێکدێت :

أـ خەت (هێڵی نووسین): مەبەست لەو نووسینانەن کەلەسەر بەرگی پێشەوە هەن، جۆری خەت و هێڵی نووسینی ناو و ناونیشان و ژانری دەقەکە دیاری دەکات، چونکە خەت یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر وەرگر، چۆنیەتی بەرکاهێنانی هێڵی نووسین زەوق و شەوقی هونەری نووسینەکە بەدیار دەخات کە کاریگەری و کارتێکردنی لەسەر دەروونی وەرگرێك لەگەڵ ئەوی دیکەدا دەبێت، هەروەها جۆری بەکارهێنراوی خەت و هێڵی نووسینەکە دەبێتە هۆکارێك بۆ جوان نیشاندانی بەرگ و کاریگەری لەسەر خوێندنەوە و چاوەکانی خوێنەر دەبێت(شریف،2023:43). سەرەڕای ئەمانەش گەورەیی و بچووکی خەت و هێڵی نووسین پەیوەستە بە ستراتیژییەت و جۆری کارکردنی رۆمانووس کە مەبەست لە سەرنج راکێشانی خوێنەر بۆ دەقە سەرەکییەکە ناوی خۆی بێت، یان ناوی رۆمانەکە بێت؟ هەروەها ئەو رەنگەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ نووسینی ناو وناونشیان و ژانری دەقەکە، ئاماژەو دەلالەتی خۆی هەیە، چونکە لەو حاڵەتانەدا کاریگەری بەسەر خوێنەر وەرگرەوە دروست دەکات لە چوونە ناو دەقی سەرەکی و خوێندنەوەیان .

لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیری بەرگی رۆمانی (کازینۆی منداڵان) بکەین، دەبینین ناوی نووسەر و ناونیشانی دەق و ژانری دەقەکە بە ڕەنگی ڕەش نووسراون، ئەو ڕەنگەش دەلالەت لە هێزو دیارکەوتن دەکات، هەروەها دەلالەت لە ناخۆشی و دڵتەنگی و خەمۆکی دەکات و بۆ تازەباری و کارەسات بەکاردەهێنرێت (المحبیسی، 2015: 369)، کە ئەمەش راستەوخۆ پەیوەستە بەدەروونی کارکتەرەکانەوە کە لە چوارچێوەی رووداوەکانی ئەو رۆمانەدا لەناو پرۆسەیەکی ناخۆشی و خەماویدا ژیان بەڕێ دەکەن کە بریتییە لە کوشتن و لەناوبردنی ئارەزووەکانی مرۆڤ و کاریگەرییەکی پڕ لە خەمۆکی و دڵتەنگی بەسەر کارەکتەرەکانی ناو رۆمانەکە (مامۆستا سوهاد و وریا و منداڵەکان پەلکۆ و پەریهان و دادە میسۆن .....) تا دوایی دا هەیە کەهەموویان ژیانێکی پڕ لە کێشەو کارەساتباریان بەرێکردووەو بەشێکیان خۆیان کوشتووەو بەشێکیان کوژراون، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ژیان بەشێوەیەکی گشتی وێرانبووەو ریتمی ئاسایی خۆی لە دەست داوە .

رۆمانووس لەبارەی رووداوەکانەوە لەزاری کارەکتەری سەرەکییەوە دەڵێت ((دەیان جار لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لەبارەی خەڵکی ئەوروپاوە خوێندوویەتیەوە، ڕاستە لێرە رووداوی لەم شێوەیە زۆر دەگمەنە، بگرە هەر بوونی نییە، بەڵام ئەو خۆی لەپێش هەر کەسێکی دیکەوە دەزانێت ژیانی هەر ئاوا پڕی بەسەرهاتی سەیرو سەمەرە بووە ))(کاکەسوور،2013:12) رۆمانوس لەم گۆشەیەوە وێنەیەکی گەورەی ژیانی مرۆڤ دەکێشێت و پووچییەتی خودی ژیان دەیار دەخات، کەئەمەش ڕێك لەگەڵ ڕەنگی ڕەشی هێلەکە دێتەوە. هەروەها لەڕووی قەبارەوەش ناوی رۆمانەکە (کازینۆی منداڵان) زۆر بەگەورەیی لە ناوەڕاستی بەشی سەرەوەی بەرگ نووسراوە، ئەمەش واتە ناوی رۆمان زیاتر جێگەی سەرنج و تێڕامانی خوێنەر دەبێت و کەمەندکێشی دەکات بۆ کڕینی کتێبەکە و خوێندنەوەی دەقە سەرەکییەکە. لەسەرووی ناوی رۆمانەوەش، ناوی نووسەر بە قەبارەی بچووکتر و بەجۆرێکی جیاواز لە خەت و هێڵی نووسینەوە داندراوە، ئەمەش وا دەکات خوێنەر دووبارە سەرنج لەناوی رۆمانووس بدات و کاریگەری لەگەڵ دروست بکات. لەسەرووی ئەمانیشەوە ژانری دەقەکە (رۆمان) بە بچووکی نووسراوە بۆ ئەوەی خوێنەر شوناس و پێناسەی ئەو دەقەی بۆ دەربکەوێت .

ب ـ وێنە: وێنە رۆڵێکی گەورەی هەیە لە گەیاندنی ناوەرۆکی دەقی سەرەکی و گەیشتنی بەشێکی بچووکی زانیارییەکانی دەق لەرێگای وێنەوە، دیارە ئەمەش بە زمانی دووەمی دەق دادەنرێت کە هەوڵدەدات بەڵگەی پێویست بۆ بەشێك لە رووداو و کارکتەرەکان دەستەبەر بکات، ئەو زمانە، زمانێکی وێنەیی و جیاوازە لەو زمانەی دەقە سەرەکییەکەی پێ نووسراوەتەوە، کە لەپیت و وشە پێکدێت (مستور،2021:1298) بۆیە وێنەی هێزێکی ئەفسوناوی هەیە لە سەرنج ڕاکێشانی هەست و سۆزی مرۆڤەکان ، چونکە ئەوەی وێنە دەیگوازێتەوە رەنگە لەروانگەی نووسینەوە لە چەندین لاپەڕە پێك بێت، هە ر ئەمەش وای کردووە وێنە هێز و پێگەیەکی گەورەی هەبێت و زۆرترین زانیاری و ئاماژەو نیشانەکان لە خۆیدا چڕ بکاتەوە. بۆیە وێنە پەیوەندییەکی پتەوی بە دەقی سەرەکییەوە هەیە و راڤەی ناوەرۆکی دەقە سەرەکییەکە دەکات، بەکارهێنانی وێنە لەوانەیە جاری وا هەبێت ئالۆز و تەمومژاوی بێت، رەنگە هەندێ جاریش زۆر ڕوون و ئاشکرا بێت و خوێنەر پێویستی بە راڤەکردنی رەخنەگران نەبێت بۆ تێگەیشتن لێی. بەشێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی وێنە لە سەر بەرگ بەچەندین شێوە دەبێت:

1 ـ وێنەی کێشراو (وێنەی واقیعی)، وێنەیەکە راستەوخۆ پەیوەستە بە رووداو وکارەکتەرەکانی ناو دەقە سەرەکییە و نمایشیان دەکات. وێنەیەکە بەدەست کێشراوەو و گوزارشت لە رووداو و کارەکتەرەکانی ناو دەقی سەرەکی رۆمان دەکات.

2ـ وێنەی فۆتۆگرافی: وێنەیەکی راستەقینە لەلایەن کەسێکەوە بە کامێرا گیراوە لەسەر بەرگی رۆمانەکە بەکاردەهێنرێت، کە دەلالەت لە رووداو و کارەکتەکانی دەقە سەرەکییەکە دەکات.

3ـ وێنەی سوریالی: وێنەیەکە کە چەندین هێڵی جۆراجۆر و ڕەنگی جیاواز و شێوەی ئاوێتەبوون لەخۆ دەگرێت(بلعیده،2014: 80-81).

ئەگەر لەم روانگەیەوە لەبەرگی پێشەوەی ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان) بڕوانین، دوو وێنەی دەبینین کە کێشراون و گوزارشت لە ڕووداو و کارەکتەرەکانی ناو دەقە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکە دەکەن . لەهەمانکاتیشدا وێنەیەکی سوریالیشە کە کارەکتەرەکان بەهێڵ و ڕەنگەوە کێشراون. لەسەر بەرگی پێشەوەی ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان) دوو وێنەی جیاواز بەدی دەکرێن. کە قەبارەیان جیاوازەو هەر یەکێك لەو وێنانە ئاماژەو نیشانەی تایبەتی خۆیان هەیە:

ـ وێنە گەورەکە: کە وێنەیەکەکی گەورەیە و سێ بەشی لای خوارەی بەرگی یەکەمی ڕۆمانەکەی گرتووە و تەواوی چاوەکانی خوێنەر بۆ خۆی رادەکێشێت، گوزارشت لە ناواخنی ڕووداو و کارەکتەرەکانی دەقە سەرەکییەکە دەکات. ئەو وێنەیە دەکرێت بە چڕکردنەوەی و کورتکردنەوەی ڕووداوی ڕۆمانەکەی لەقەڵەم بدەین، چونکە لەرێگای شێواوی و تەلیسماوی دەموچاوی کەسەکانەوە، ڕادەی ئەو ڕووداوانەی کەبەسەریان داهاتووە بەدیار دەکەوێت. لەراستیدا ڕۆمانەکە باس لە بنەماڵەیەکی سەرەکی دەکات کە ئەویش بنەماڵەی مامۆستا سوهادە، سەرەتاش لەڕێگای تەکینکی فلاش باکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو و دەست بە گێڕانەوەی مێژووی بنەماڵەکەی بەدیمەنی بەجێهێشتنی (تشکەشان)ی خێزانییەوە (( دە ساڵ لەمەوبەر کاتی شتومەکەکانی لە جانتایەك ئاخنی و بردنی ، بەڵام نەزیانی ئەوەیانی بەقەستی جێ هێشت، یان لەبیری چوو )) (کاکەسوور،2013: 12)، ئیدی لەوێوەوە دەگەڕێتەوە سەر باسکردنی ژیانی باوکی(مەڕوان) و باپیری (خەڵۆ چاوەسوو) و بەسەرهاتە پڕ لە تراژیدیاکانی و هەروەها باپیری گەورەیان (حەمدی باخەوان) و (دادە میسۆن)ی داپیرەی گەورەیان. جیا لەمانەش بەهۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە لەشار ئاشنا و دراوسێ گەلێك بنەماڵەی دیکە بوون لەوانەش (بنەماڵەی پەریهان، بنەماڵەی دادە میسون، بنەماڵەی عەرەبەکان و بنەماڵەی جووەکان ...تاد) ئەمانەش هەموویان ڕۆڵیان لە ڕووداوەکاندا هەیە و بەشێك لەرەوتی ڕووداوەکان بەڕێوەدەبەن، باسکردنی ئەو بنەماڵە جوو و عەرەب و تورکمانانە، باسکردنە لە پێکهاتەی شاری هەولێر کە شارێکی پێکەوەژیان بووەو مێژوویەکی دێرینی لەوبارەیەوە هەیە. بەدیقەتدان لەم وێنەیە تەواوی مەینەتی و کارەساتی ئەو بنەماڵەیە و بنەماڵەکانی دیکەش بەدیاردەکەوێت ، بەتایبەتیش بنەماڵەی جووەکان کە لەوڵات دەردەکرێن و دەست بەسەر سەروەت و سامانیاندا دەگیرێت. لەوێنەکەدا مرۆڤەکان بە شێوەی تارمایی و شێواوی بەدیارخراون و ئاستی پەشۆکاوییان تێدا بەرزە، ئەمەش ئاستی توندوتیژی ڕووداوەکان پیشان دەدات کە بەشێکیان یان خۆیان کوشتووە، یان کوژراون، لەگەڵ سەیر کردنی ئەو وێنەیەدا کارەکتەرەکانیشت بۆ بەدیار دەکەوێت، بەتایبەتیش کە کارەکتەری هەرە دیار ئەو (مانگا)یەیە کە کەوتۆتە بەشی پێشەوەی وێنەکە و بەڕەنگیش لە کارەکتەرەکانی دیکە جیا کراوتەوە، دیارە ڕۆماننوس لەرێگای دوانەیی ئاژەڵ و مرۆڤەوە بەشێکی سەرەکی لە رەوتی ڕووداوەکان بەرێ دەخات. (دادە میسۆن) داپیرە مرۆڤ نەبووە بەڵکو مانگا بووە ((وەك چۆن دایە بەردەوام پێی لەسەر ئەوە داگرتووە، مانگایەکە، ناوی (مەیسوون)ە و هاوسەری (حەمدی) ی باخەوانە، ئەوا منیش هەمیشە لەسەر ئەوە سوور بووم وسوورم بڵێم کچی مانگام، یان لانی کەم دایکم مانگایە و باوکم مرۆڤ)) (کاکەسوور،2013: 197) بەمشێوەیە لە (میسۆن)ی مانگاوە ئەو بنەماڵەیە دێنە بوون و بەسەرهاتیان دەست پێ دەکات، لە وێنەکەشدا مانگایەکە بەدیارخراوەو کۆمەڵێك سەری مرۆڤی لەباوەش گرتووە کە منداڵ و نەوەکانی خۆیەتی و بنەماڵەکەی خۆی پێکدەهێنن، هەروەها کەسەکانی دەوروبەریشی ئاماژە بۆ هەموو ئەو بنەماڵانەی کە بەهۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەست بوون بە بنەماڵەکەی دادەمیسۆنی مانگاوە.

ئەگەر چی مانگا لە شوێنی دیکەش لەناو ڕۆمانەکەدا هەیە وەکو ئەو مانگایەی کە (پەریهان) بەخێوەی کردووەو لە بەرهەمەکانی داهاتی خۆی دابینکردووە بۆ بەخێوکردنی (سوهاد و وریا)، هەروەها پەیوەندییە نەرێنییەکەی (خالۆ چاوەسوور) باوکی سوهاد کە لەگەڵ ئەو مانگایە سێکسی کردووەو کاردانەوەیەکی خراپی هەبووە، هەموو ئەوانە کەشێکی ئەفسوناوی و فانتازیی بە دەقەکە بەخشیوە و چ ڕووداو و چ کارەکتەرەکان بەتەنیا لەلایەن مرۆڤە بەڕێوەنەچوونە، بەڵکو ئاژەڵیش ڕۆڵی سەرەکی تێدا گێڕاوە کەئەمەش زیاتر لە ئەفسانەی نزیکردۆتەوە، هەر چەندە ڕۆماننوس ئەو دەقەی بە ئاوێتەکردنی واقیع و ئەفسانە لەقەڵەم داوە هەر لەخودی دەقەکەدا ئاماژەی بۆ کردووە و دەڵێت ((ڕاستە لەم سەردەمەدا بوارێك بۆ بڕواکردن بە چیرۆکی ئەفسانەیی نەماوە، بەڵام ئەوەی من تێکەڵە لەواقیع و ئەفسانە)) (کاکەسوور، 2013: 195). لەلای چەپی وێنەکەدا و لە گۆشەیەکدا وێنەی سەری مەلایەك بەرێشەوە دەبینین، کە ئەمەش ئاماژەیە بە ڕەهەندی ئایینی لەم دەقەدا، ئەم رەهەندە ئایینییە بەدوو جۆر کاری لەسەر کراوە لە ڕۆمانەکەدا، جۆرێکیان ڕۆماننووس ڕۆڵ و ئەرکی ئەرێیانەی مەلای کوردی ئاماژە پێداوە، کە وەکو کارەکتەرێك بەشداری لە رەوتی ڕووداوەکاندا کردووەو لەهەندێك شوێندا ڕۆڵیان بینیوە، لە ڕاستیدا لەدوو دیمەندا مەلای کورد وەکو کارەکتەر بەدیار کەوتوون، لەدیمەنێکدا کە لە باسکردنی ژیانی (خەڵۆ چاوەسوور)دا کاتێك لەکێشەیەکدا لە (بارام تەقیلە) دەدات و دەستدرێژیش دەکاتە سەر خوشکەکەی (( مەلا فەتحوڵلا و کۆمەڵێك پیاوی دیکە کۆبوونەتەوەو کێشەکەیان بڕاندووەتەوە و پارەیەکی زۆریان لێ سەندووە)) (کاکەسوور،2013: 32)، لێرەدا مەلا ڕۆڵی لەبواری کۆمەڵایەتیدا گێڕاوە، کە هەر چەندە ڕۆڵەکە ئیجابی بووە، بەڵام لە دەوڵەتی مەدەنیدا ئەو کێشانە دەبێت لە دادگا یەکلایی بکرێنەوە، نەك لای پیاوانی ئایینی. لەدیمەنێکی دیکەدا کاتێك (سوهاد) لەگەڵ باپیری لە باخ و بێستانەکەی (دادە ئەنتوانێت)دا کار دەکات و باپیری هەوڵ دەدات ڕازی بکات واز لە قوتابخانە بهێنێت و بەیەکجاری خۆی بۆ کاری باخەوانی تەرخان بکات (( مەلا یونس پەشیمانی کردەوەو پێی گوت (سوها) بۆ ئەوە کراوە لە قوتابخانەی نوێ بخوێنێت)) (کاکەسوور،2013:42) لێرەشدا ڕۆڵی مەلا گرینگ و پڕ بایەخ و پاڵپشتە بۆ زانین و زانست و زانیاری. بەمشێوەیە وێنە گەورەکەی سەر بەرگی پێشەوە زمانحاڵی ڕووداو و کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە و بوونی ئەو وێنەیەش کاریگەری لەسەر خوێنەر دروست دەکات و چەندین پرسیار لەمێشکیدا دروووژێنن کە دەبێت ئەورووداوانە چی بن و ئەو کارەکتەرانە کێ بن کە ئەو ڕۆمانە باسیان لێوە دەکات؟ ئەو پرسیارانە لەرێگای ئەو وێنەیەوە کە دەرووژێن هانی دەدەن ڕاستەوخۆ دەست بە خوێندنەوەی دەقە سەرەکییەکە بکاتەوە.

جۆرەکەی دیکەیان داگیرکردنی کوردستان بووە لەلایەن عەرەبەکان، کە ئەمەش لەرێگەی بەکارهێنانی ئایین بووە، ڕۆماننوس بۆ گەیاندنی پەیامەکەشی ئاماژەی بەوە کردووە کاتێك (مەردان خودادا) لەسەر بنچینەی شیعرەکانی (ئاگرباز) شارو گەڕەکێکی نوێ دادەمەزرێنێت، بەڵام بەنەمانی (مەردان خودادا) پرۆسەی داگیرکردنی کوردستان دەست پێ دەکات (( مەرگی (خوداـ داد) و دانانی بناغەی مزگەوتێك لە دامێنی گەڕەکدا هاوکاتن..ساڵ وەردەگەڕێت و تەواو دەبێت، ئەوقاف مەلایەکی خاوەن ئەزموونی بۆ دادەنێت کە بەڕەگەز عەرەبە و تەمەنی نزیك پەنجا ساڵ دەبێت، خەڵکی گوندێکی سەرسنووری عەرەبستانی سعودیەیە چەند ساڵێکە لەگەڵ عەشیرەتە بەناوبانگەکەی گەیشتۆتە ئێرە)) (کاکەسوور،2013: 273) ئیدی ئەو پرۆسەیە لەوێنە گەوەرکەیدا داگیرکردن و بەعەرەبکردنی کوردستان و وردە وردە بە بەکارهێنانی چەکی ئایین گۆڕانکاری لە داب و نەریتی ئەو خەڵکەوە دەکرێت و بەرەو عەرەباتیان دەبەن ((

رۆژ به رۆژ کاریگەریی مزگەوت لەسەر بیرکردنەوەی خەڵکدا دەردەکەوێت و وردە وردە (ئاگرباز) و (مەردان خودادا)یان لەبیر دەچێتەوە..ناوی گەڕەگیش بۆ (ئەلیەرمووك) دەگۆڕن)) (کاکەسوور،2013: 274) ئیدی ئەو مەلایە کە ناوی قبیانە دەست بە دەرس گوتنەوەی ئایینی دەکات و منداڵەکانی (کوڕە چاوسوورەکانی پەلکۆ)ش هاتوچۆیان دەکەن و لەئەنجامدا دوو لە منداڵەکانیان دەچنە ماڵەکەی ئەوانەوە و وەکو کوڕی ئەوان مامەڵە دەکەن و ناوکانیشیان دەگۆڕێت بۆ (عەبدولجەبار)و (عەبدولوهەیمەن)، سەرەڕای ئەو هەموو ناخۆشییەی لە دەستگیرکردنی دایکیان و بە ئەنفالکردنی (کرێکار)ی برایان، بەڵام (عەبدولوهەیمەن) هەر لەسەر بیروڕایەکانی خۆی دەمێنێتەوەو دەچێتە ناو سوپای عیراق و پلەی (عەقید) وەردەگرێت، پاشانیش کەئەمریکا عێراق دەگرێت، ئەو دەچێتە بەرەی ئیسلامییە توندڕەوەکان و لەشەڕی فەلووجەدا بەشدار دەبێت، بەڵام دواجار لەبەر ئەوەی کورد گولەباران دەکرێت. ڕۆمانووس جیاوازی لەنێوان مەلای کورد و مەلای عەرەبدا کردووە و ئاسەواری ئەو پرۆسە داگیرکاری و بەعەرەبکردنەی لەرێگای ئایینەوە خستۆتەڕوو. هەر لەناو وێنە گەورەکەدا لەبەشی سەرەوەی  وێنەیەکی زۆر بچووك بەدی دەکرێت کە شێوەی بۆکسێکی سپی وەرگرتووە و دەلالەت لە دوو مرۆڤ دەکەن کە نێر و مێن و ئاماژەیە بۆ دروستبوونی بنەماڵەو  خێزان، کە پێکهێنەری ڕووداو و کارەکتەرەکانی ئەم دەقەن .

ـ وێنە بچووکەکە: وێنەیەکی بچووکە لەبەشی سەرەوەی بەرگی پێشەوە کە لەلای ڕاست دا بە بچووکی دانراوە و وێنەیەکە کێشراوەو لەتەنیشتیدا زاراوەی ڕۆمان و ناوی نووسەر بەدی دەکرێت، ئەو وێنەیە لە خانووێك پێکهاتووە، دەلالەت لە شار دەکات و باسکردنی شار بەتایبەتیش شاری هەولێر، کە بەشێکی مێژووی ئەو شارەی لەخۆ گرتووە، بەتایبەتیش ئەو ڕووداوانەی کە لە یادەوەری ڕۆمانوسدا هەن و لە تەمەنی خۆیدا بینیویەتی و سەرەڕای هەوڵی پێشنیارکراوی ڕۆمانووس لەبارەی دروستکردنی شارێکی نوێوە، هەر بۆیەش ناوی نووسەر ڕێك لەلای ئەو وێنەیەدا دانراوە، لەگەڵ بوونی زاراوەی ڕۆمان کە ئەوە دەردەخات مێژووی شار و دروستبوونی شاری نوێ لەچوارچێوەی ڕۆماندا خراوەتەڕوو .

لەدووتوێی باسکردنی شاری هەولێردا ئاماژە بە مێژووی ئەو شارەو کەسایەتییەکانی وەکو (ساڵح حەیدەری و عادل سەلیم و نافیع یونس و مستەفا عوزێری و جەمال حەیدەری، کاوێس ئاغا.....تاد) کراوە، لەپاڵ باسکردنی مێژووی سیاسی شارەکە بەتایبەتیش مێژووی چەپ و هەروەها شوێنەکانی شارەکە لە (قەڵا و گەڕەکانی وەکو کۆماری و ئیسکان و ڕووناکی و ئازادی و موفتی ...تاد) ئاماژەیان بۆ کراوە. دیارە ئەم باسکردنانە تێکەڵ و ئاوێتەی ڕەوتی ڕووداوەکان کراون و بەشێك لە پاشخانی مەعریفی و فیکری کارەکتەرەکانیان هەڵگرتووەو ئاراستەیان کردوون. هەورەها بەراوردی لەنێوان ئێستاو مێژووی ئەو شارەدا کردووەو لەزاری کارەکتەرەکانەوە ئاماژەی بەوەداوە کە ئەو شارە لە ڕەسەنایەتی دابڕێنراوەو بەرەو گۆڕانکاریی هەنگاو دەنێت، ئەوەتا لەزاری (پەریهان)ی خۆشکیانەوە دەڵێت(( لەماوەی ئەو چەند ساڵەی لەم شارە ژیانم دەست پێ کردووە، سەرم لە هەموو ئەو شوێنانەش داوە کە ئێوەو دایە پێتان تێخستووە.. ئەگەر چی وەك خۆیان نەماون، بەڵکو تەخت کراون و تەلاری بەرز بەرزیان لەسەر هەڵچنیوە)) (کاکەسوور،20013: 196) لێرەشدا ئاماژەیە بە گۆڕانکاری گەورە کراوە کە لە شار هاتۆتە ئاراەوەو دیارە بەلای ڕۆمانووسەوە نامۆ و نارێك بوون، بۆیە وەك (ئەفلاتون) کاتێك پێشنیاری کۆمەڵگەیەکی نوێ بۆ یونانییەکان دەکات و کتێبەکێك بەناوی کۆمارەوە دەنووسێت، تەواوی ئەرك و مافی گشت چین و توێژێك دیاری دەکات و هیوا خوازە کۆمەڵگەیەك بەمشێوەیە بێتەئاراوە، ڕۆمانووسیش لەرێگای شاعیرێکەوە هەوڵ دەدات نەخشەی شارێکی نوێ بنیات بنێت، ئەو شارەی کۆڵانەکانی وەکو وشەو ڕستە شیعرەکانی بن، ئەو شارە لەلایەن (مەردان خودادا) لەسەر بنچینەی شیعرەکانی (ئاگرباز)ی شاعیرەوە دادەمەزرێنێت، مەردان خودادا (( بەحوکمی ئەوەی هەر بە سرووشتی خۆی وەستایەکی شارەزای تەلاسازی و باخەوانێکی بەهرەمەندە، دەیەوێت گەڕەکێك لەسەر شێوازی شیعرەکانی (ئاگرباز) دابمەزرێنێت، بۆ ئەوەی کاتێ تەواو دەبێت لە ڕێی سیمای خانووەکانەوە هەر چاوێك ، جا هێی خوێندەوار بێت، یان هێی نەخوێندەوارو ئاستی هۆشیاریی خاوەنەکەی هەر چەندێك بێت بتوانێت بە ئاسانی شیعرەکانی ئەو شاعیرە جوانەمەرگە بخوێنێتەوە)) (کاکەسوور، 2013: 206) ئەو شار و گەڕەکەی کە ڕۆمانوس بنیاتی ناوە ئەفسانەیی بووەو لەخەیاڵ نزیك بووە، دیارە هەڵبژاردنی شیعریش وەکو بنەمایەك بۆ بنیاتنانی شارو گەڕەك مەغزای خۆی هەیەو ڕۆمانوس دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت کە شیعر چەند میهرەبان و مرۆڤدۆستە وشاریش بەهەمان شێوە میهرەبان و پرۆسەیەکی مرۆڤایەتییە و ناکرێت لە گۆڕانکارییەکاندا ئەو پاکی و میهرەبانییە لەدەست بدات و ڕەسەنایەتییەکەی لێ دابڕێنرێت.

ئەو لەرێگای ئەو شارو گەڕەکە خەیاڵییەوە بیرو هۆشی خەڵك بەرەوە پیرۆزی شار و گەڕەکەکانیان دەباتەوەو هەوڵدەدات ئەوە بسەلمێنێت ئەگەر ڕۆژگاریش تێپەڕبێت شار بەها و پێگەی خۆی لەدەست نادات. لەبەر گرنگی شار و گەڕەکەدا لەرێگای بەرجەستەکردنی ئەو خانووەی کە لەوێنەکەدایە وەکو هێمایەك بۆ شار و گەڕەك لەسەر بەرگ دانراوە و بەشێکی دانەبڕاوی دەقە سەرەکییەکە  لە ئەستۆ دەگرێت و خوێنەر ڕاستەوخۆ وێنای بوونی خانوو و شار و شوێن لە مێشکیدا چکەرە دەکات و ئاراستەی ئەوەی دەکات دەقە سەرەکییەکە بخوێنێتەوە، کە بەشێکی چڕکراوەو کورتکراوەی وێنەیەکەیە .

ج ـ ڕەنگ: لەوەتەی مرۆڤ ژیانی دەستپێکردووە ڕەنگەکان لەتەکیدا هەبوون و کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ هەبووە، سەرچاوەی ڕەنگەکانیش ئەو سروشت و گەردوونە بووە کە مرۆڤ لەناویدا ژیاوە، یەکەم بەرکەوتنی مرۆڤیش لەگەڵ ڕەنگەکاندا بەهۆی هەستی چاوەکانییەوە بووە، بۆیە چاو بە بنچینەی جیاکردنەوەی ڕەنگەکان دەدانرێن، لەهەمانکاتیشدا ڕەنگەکان وەکو ڕەمزێك لە ژیانی مرۆڤدا بەکارهاتوون بۆ خۆشی و ناخۆشییەکان، بەو واتایەی کە ((ڕەنگەکان بەپێی ئەزموون ، فەرهەنگ، داب و نەریت دەتوانن واتا و دەربڕینی جۆراجۆر بهێننەکایەوە، واتە ڕەنگەکان سەرەڕای ئەو واتایەی لەو چوارچێوەو تێگەیشتننە هەمەکییەی کە هەیانە چەمکی فراونتر دادەپۆشن)) (مەقدید، 2023: 91) ئەمەش وا دەکات بەکارهێنانی ڕەنگ فراونتر بێت و مانا فەرهەنگییەی تێپەڕێنێت، بۆیە ڕەنگ پەیوەستە بە باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی ..تاد مرۆڤەوە، بەشێوەیەك کە ڕەنگ کاریگەری و کارتێکردنی لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە، واتای ڕەنگەکانیش لە شوێنێکەوە بۆشوێنێکی دیکە و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە جیاواز دەکەوێتەوە، بەم پێیەش ڕەنگ واتا و ڕاڤەیەکی چەسپاو هەڵناگرێت، بەڵکو بەپێی بارودۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ و کۆمەڵگە گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێت (( بێگومان ئارەزوو و ویستەکانی تاك و دیاریکردنی ڕەنگەکان لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ هۆکاری (سیاسی و کۆمەڵایەتی و سروشت و بیروباوەڕی ئاینی و داب و نەریت و ڕۆشنبیری و.....هتد) دەگەڕێتەوە،چونکە ڕەنگ بەشێکی دانەبڕاوە لە ڕۆشنبیری و یادەوری و ڕوانینی مرۆڤ)) (عزیز، محمد،2019: 115)،  لێرەوە پەیوەندی ڕەنگ و ئەدەب گرینگی و پێگەی تایبەتی خۆی بەدیار دەکەوێت، بەتایبەتیش کە ڕۆمانووسان وشاعیران وەکو کەسایەتییەك لەژێر کاریگەری ڕەنگەکاندان و هەروەها دەقی ئەدەبیش بەدەوری خۆی سوود لە ڕەنگ و واتا فراوانەکەی وەردەگرێت و چەندین هێما و نیشانەی تایبەتی لێ دروست دەکات ((

ڕەنگ وەك چۆن ڕۆڵێکی پڕ بایەخی لە نیگارکێشاندا هەیە، بەهەمان شێوەش لە ئەدەب بەگشتی و لە شیعر بەتایبەتی کاریگەر و دیارە)) (حەمەد،2012: 378)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەقی ئەدەبی سوود لە بەکارهێنانی ڕەنگەکان وەردەگرێت و بەهۆیانەوە بەشێك لە ناوەرۆکی دەقەکان لەچوارچێوەی ڕەنگەکان دادەڕێژرێنەوە، بۆیە (( ئەمرۆ رەنگ لە دەقی ئەدەبیدا بووەتە بەشێك لە زێدەکارییە جوانکارییەکان کە خۆیان لە گۆڕەپانی نووسین و دارشتندا سەپاندووە ، بۆیە دەبینین دیوانی شیعری یان کاری رۆمانێك لەناوخۆ و لەدەرەوەیاندا گەلێك تابلۆی نەخشێنراوی ڕەنگاوڕەنگ لەخۆ دەگرن)) (الیاقوت،2018: 20) و بەهۆیانەوە ڕووداو و کارەکتەرەکان لەڕێگای ڕەنگەکانەوە گوزارشت لە ناخی خۆیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. لەم ڕووەوە بەرگی پێشەوەی رۆمانی (کازینۆی منداڵان) لە چەندین ڕەنگ پێکهاتووە کە هەر یەکێکیان دەلالەت لە ڕووداو و کارەکتەرێکی ناو دەقە سەرەکییە دەکات، بەمشێوەیە:

- ڕەنگی قاوەیی: ئەو ڕەنگەیە کە سەرتاپای بەرگەکەی پۆشیوەو وەکو باگراوندی سەرەکی بەرگی رۆمانەکە دێت، ئەمەش پەیوەستە بە خودی ڕووداوەکان و کارەکتەرەکانی ناو دەقە سەرەکییەکەوە، چونکە ڕەنگی قاوەیی سێبەرێکی تۆختری پرتقاڵییە و لە رەنگی سووور و ڕەش پێکدێت. ئەو ڕەنگی سوور و ڕەشەش پەیوەستن بە ڕووداو و کارەکتەرەکانی ناو خودی دەقە سەرەکییەکە دواتر لێیان دەدوێین. لەڕاستیدا ڕەنگی قاوەیی بە ڕەنگی گەرم و بێ لایەن دادەنرێت و بۆ وەسفکردنی زەوی و خاك بەکاردێت، ڕەنگێکە پەیوەستە بە سادەیی و هەژاری و ژیانەوە، لەڕوانگەی دەروونناسییەوە ڕەنگێکە راستگۆ و ڕەسەنە و پەیوەندی بەکاری قورس و متمانەپێکراوەییەوە هەیە و سەقامگیری تێیدایە زۆر بەرزە و ڕەنگێکی پراکیتکی و عەقڵانییە کە هەستی گشتی دەردەبڕێت و هەرگیز بەدوای سەرنج ڕاکێشانەوە نییە، لەهەمانکاتیشدا لەهەندێك بارودۆخدا هەستی کەمی و لاوازی دروست بکات (ئەنوەر،2022(www.zaniar.com :، ئەم سیفاتانەش ناوەڕۆکی ئەو ڕووداوانە پێکدەهێنن کە ڕەنگدانەوەیان لەسەر کۆی گشتی ژیانی کۆمەڵگە هەیە.

ڕۆماننووس لە گۆشەیەکی بچووکی چەند بنەماڵەیەکەوە هەوڵدەدات باس لە ژیانی سەر رووی زەوی بکات کە رەنگی ئەو ژیانەش وەکو ڕەنگی زەوی قاوەیی دەبێت، بێگومان زەوی چ لەڕووی سەرەوەو چ لە ڕوووی ناوەوەی لە چەندین چین وتوێژی جیاواز و قەبارەی جیاواز و ژینگەی جیاواز پێکهاتووە، بەهەمانشێوەش کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە چین و توێژ و ژینگەی جیاواز پێکهاتووە و ڕەنگدانەوەی هەمان زەوی لەسەرە، بەتایبەتیش ئەگەر لەڕوانگەی ئایینیشەوە سەیری مرۆڤ بکەین کە دروستکراوی خوایە و بەرهەمی پێکهاتەی خوڵی زەوی و دواتریش لە پاش مردنی دەگەڕێتەو ناو ئەو خاکە و زەوییەی کە رەنگی قاوەییە، بۆیە مرۆڤ و ژیان و بەسەرهاتی لەگەڵ زەوی لە ڕەنگی قاوەییدا یەکدەگرێتەوە. ڕۆمانوس ئەگەر چی باس لە ریتمی ژیانی ئاسایی چەند بنەماڵەیەکی وەکو (بنەماڵەی مامۆستا سوهاد، بنەماڵەی پەریهان، بنەماڵەی دادەمیسون، بنەماڵە جوولەکە و عەرەبەکان ...تاد) دەکات ، جۆرێك لە ژیانێکی کرداری و عەقڵانی و سەقامگیری ژیانی گشتی مرۆڤایەتی دەردەخات، لەهەمان کاتیشدا بەهۆی ئەو چەرمەسەریی و ژیانە پڕ لە ناسۆرەی بنەمالەکانەوە هەستێکی لاوازی و پڕ لە کەمی نمایش دەکات، بەتایبەتیش کە باس لە کۆمەڵگەی کوردی دەکات کە لەلایەکەوە کۆمەڵگەیەکی تەندروستی پێکەوەژیانە، کەچی لەلایەکەی دیکەوە پرۆسەی داگیرکاری و بەعەرەبکردن و لەناوبردنی کورد دەبێتە هۆکاری پیشاندانی لاوازی و بێ چارەسەری ئەو کۆمەڵگەیە لە دەربازبوون لەو بارودۆخانە بەنموونە کاتێك باس لە بنەماڵەی (پەلکشان) دەکات، دەڵێت (( پەلکشان لەو ڕۆژەوەی لە بەندیخانە دەگەڕێتەوە و ماڵەکە بەمشێوەیە دەبینێت، هەست دەکات کوڕەکانی هی ئەوە نین پشتیان پێ ببەستێت، باوەڕی نییە ئەمانە تازە بۆ ژێر ڕکێفی بگەڕێنەوە، تەنیا ئەوەیانی بەدەستەوە ماوە کە ناوی خۆی ناوە (دڵدار)، لێرەدا ئاماژە بە نەتەوەی کورد دەکات کە یەکگرتوو نین و پەرتەوازەیی وای لێکردوون ئاگاداری هیچ نەبن، بوونی یەك کوڕ ئاماژەیە بە (دڵدار)ی شاعیری خاوەنی سرودی ئەی ڕەقیب کە تاکە سروودە کورد لەسەری هاوڕایە، ئەمەش پیشاندانی ئەو نەهامەتی و قورسی ژیانەیە کە ڕۆماننوس باسی لێوە کردووە . کەواتە ڕووداوەکان ریتمی رەنگی قاوەیی سەر بەرگ پێکدەهێنن و بەردەوامیش لەناو یەکدا تێکدەئاڵێن و قورسی و چەرمەسەری ژیانی سەر زەوی نمایش دەکەن.

لەڕوانگەی کارەکتەریشەوە ، بەهۆی ڕەنگی قاوەییەوە کەسایەتی و باری دەروونی کارەکتەرەکانیش نیشان دەدرێت، وەکو چۆن ڕەنگی قاوەیی ڕاستگۆیی و خۆڕاگر و متمانەبەخۆبوونە، ڕەنگی ڕەسەن و ریزدارییە ، گوزارشت لە کەسایەتییەکی بەرپرسیار دەکات کە پابەندە بە ئەرکەکانیەوەو هەستیارن بەرانبەر کەسان و بارودۆخی دیکە (ئەنوەر،2022(www.zaniar.com :، هەمان ئەو سیفاتانە لە کارەکتەری سەرەکی (مامۆستا سوهاد) و هەروەها (وریا و پەریهان و......) کەسایەتییەکانی دیکەدا دەبینینەوە، کارەکتەری سەرەکی (مامۆستا سوهاد) کارەکتەرێکی راستگۆیە و خۆی بە بەرپرسیار بەرانبەر شارەکەی دەبینێت و دەیەوێت ڕەسەنایەتی شارەکەی بپارێزێت، بۆیە هەمیشە لەڕێگای (کازینۆی منداڵان)هوە دەگەڕێتەوە ئەو سەردەمەی کە شارەکەی لە قۆناغی زێڕینی خۆیدا بووە، هەروەها هەمیشە بە هەستێکی بەرز و سۆزدارییەوە باسی لە بنەماڵەکەی خۆی و بنەماڵەکانی دیکەی کردووەو وەفادرانە جووڵاوەتەوە، ئەو کە باوکی (مەڕوان)ی شاعیر بووە و لەلایەن (ئەلیاس زرازان)ی درواسێیانەوە پێشبینی شاعیربوونی ئەویش کراوە (( لەدوا رۆژدا وریا دەبێتە ئەفسەر ، بەڵام سوهاد لە شاعیر زیاتر چاوەڕێی شتێکی دیکەی لێ ناکرێت)) (کاکەسوور، 2013: 77)، ئەم پیشەیەش هەستیاری و بەرپرسیاریەتی کەسانێکی رۆشنبیری ناو کۆمەڵگە دیار دەخەن کە هەمیشە لەخەمی گشتی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەکەیاندان. ئەمانەش ڕێك بنەما و خەسڵەتەکانی ڕەنگی قاوەیین. لەلایەکی دیکەوە لە هەندێك بارودۆخی تایبەتدا ڕەنگی قاوەیی نیشانەی لاوازی و کەمی نیشان دەدات، ئەم سیفەتانەش لە کارەکتەری (بێکەس)دا دەبینرێت،کە خۆی کردۆتە عەرەب و ناوی لەخۆی ناوە (عەبدولموهەیمەن) دەبێتە ئەفسەری سوپای عێراق و بەشداری جەنگی عێراق و ئێرانیش دەکات، پاشان لەشەڕی فەلوجە لەگەڵ ئەمریکاییەکانیشدا دەجەنگێت، ئەگەر چی دڵسۆزێکی عەرەب و گرووپە تیرۆریستییەکانیشە، بەڵام دواجار هەر لەلایەن ئەوانە بەتۆمەتی کورد بوون گولە باران دەکرێت. ڕۆمانوس لەڕێگای نمایشی ئەو کارەکتەرەوە ئاماژە بەرۆڵی خیانەتکاری کورد و دڵسۆزی بۆ دوژمنان دەدات، کە بەهۆی بارودۆخی تایبەتی پرۆسەی داگیرکارییەوە هاتۆتەکایەوە، ئەمەش لایەنی هەست بەکەمی لەلایەن تاکی کوردەوە پیشان دەدات کە ڕێك نیشانە سیفاتێکی ڕەنگی قاوەیی دەگرێتەوە.

- ڕەنگی سوور: ئەو ڕەنگەیە کە وەکو باکگراوەندی هەردوو وێنە گەورەکە و وێنە بچووکەی هەیە و لەسنووری پشتەوەی ئەو دوو وێنەیە دەرنەچووە، ئەمەش لەلایەکەوە ئاماژەیە بۆ رۆڵی ئەو بنەماڵەو کارەکتەرانەی لەوێنە گەورەکەدان و شار و گەڕەك لەوێنە بچووکەکە. دیارە ڕەنگی سوور ڕەنگێکی سەرەکی و بنچینەییەو هەمیشە دەرەوشاوەیە و سەرنج ڕادەکێشێت و یەکێکە لە ڕەنگە گەرمەکان، کە لەڕووی دەروونناسییەوە پەیوەستە بە ئاگر و وزە و چالاکی و هێزەوە، لەبەر ئەوەش دوولایەنانە کار دەکات، لایەنی ئەرێنی و لایەنی نەرێنیی( الیاقوت،2018: 103).

لایەنی ئەرێنی گوزارشت لە خۆشەویستی و نەرمونیانی و ڕۆمانسییەت دەکات،

ئەم حاڵەتەشیان لەناو رۆمانەکەدا زۆر ڕەنگیداوەتەوە، بەتایبەتیش لە سۆزی نێوان بنەماڵەکان لەگەڵ یەکتر و داڵدەدانی یەکتری، بۆ نموونە داڵدەدانی (وریا) لەلایەن بنەماڵە جووەکەوە. هەورەها لەو پەیوەندییە خۆشەویستیانە بەدیار دەکەوێت کە بەشێکی زۆری رەوتی رووداوەکانی پێکهێناوە، لەوانەش پەیوەندی تیشکەشان و وافی، هەروەها چیرۆکی خۆشەویستی نێوان مەروانی باوکی سوهاد (( مەروان ماڵێکی ناسیووە و لەگەڵ (گوڵهەتاو)ی کچیان پێوەندیی خۆشەویستی هەیە، ژیانی هاوسەرگیری دادەمەزرێنێت)) (کاکەسوور،2013: 32)، هەروەها خۆشەویستی پەریهان و موفید، خۆشەویستی مەیسون بۆ مامۆستا سوهاد (( سەیر ئەوەیە (مەیسوون)ی پوورزای کە لەدوای مردنی دایك و باوکی لەماڵی ئەوان ژیاوە ، لەبەر ئەو چاوە سوورانەی خۆشی ویستووە)) (کاکەسوور،2013: 26)و پەیوەندی پەلکشان و حەمدی باخەوان و.....تاد ، زۆرێك لەو پەیوەندییە خۆشەویستییانە سەریگرتووەو خێزانی لێ دروست بووەو بەشێکیانیش سەرینەگرتووە. رۆمانووس لایەنی ئەرێنی ڕەنگی سووری دیاریکردووە کە کەشوهەوایەکی رۆمانسی لەناو رووداوەکاندا دروست کردووەو بەشێك لە ئەرك و کار و رەفتارەکانی کارەکتەرەکانیشی بەڕێوەبردووە .

لایەنی نەرێنی ڕەنگی سووریش پەیوەستە بە خوێن و کوشتن و توندوتیژی و تووڕەبوونەوە، ئەم لایەنەیان رۆڵی سەرەکی هەبووە لە تانوپۆی رووداوەکاندا، بەتایبەتش رێژەی ئەو توندوتیژییەی کە لەم رۆمانەدا هەیە گەلێك زۆرەو خوێنەر دووچاری راچەڵکین دەکاتەوە. بەردەوام خوێنەر رووبەرووی کرداری کوشتن دەبێتەوە، کوشتنی (مەڕوان)ی باوکی (سوهاد)، کوشتنی (ئارۆن)ی جوولەکەو کوشتنی (دانیاڵ)ی کوڕی، کوشتنی مێردی (پەریهان) و دواتر خۆکوشتنی (پەریهان)، کوشتنی (نەریمان)ی (دادە هێلانە)و کوشتنی (شالاوی) و گولە بارانکردنی(بێکەس)ی کوڕەکانی و کوشتنی جوولەکەکان بەدەستی موسوڵمانەکان و .....دەیان دیمەنی دیکەی کوشتن و خوێنڕشتن، کە کەشێکی سووریان بەدەقەکە بەخشیوە و خوێنەر لەناو دەقێکی پڕ کوشتن و تۆقاندن و توندوتیژیدا رێ دەکات. لەراستیشدا ئەو لایەنە نەرێنییە زۆر زاڵتربووە بەسەر لایەنی ئەرێنییەکەی ڕەنگی سوورەوە .

ئەوەی جێگەی سەرنجە رۆمانووس لە هەردوو حاڵەتی ئەرێنی و نەرێنی دەستەواژەی (چاوی سوور)ی بۆ بەکارهێناوە، بەشێك لە پەیوەندییە خۆشەویستییەکان لەبەر چاوی سوور بووە، لەهەمانکاتیشدا چاوی سووری کارەکتەرەکان بەهۆی پرۆسەی توندوتیژییەوە بوون. ئەم دەستەواژەیە (چاوی سوور) گرێ و بنچینەی رۆمانەکەی پێکهێناوە، ئەم دەستەواژەیە جگە لەڕەنگی سوور (چاو)یش تێدا بەکارهاتووە، دیارە کە چاو ئەندامێکی جەستەی مرۆڤە و هۆکارێکی پەیوەندیکردنە، بەبێ زمان و ئاخاوتن و گفتوگۆکردن، چونکە ئامرازێکی بینینەو مرۆڤ بەهۆی چاوەوە درك بە جیهانی دەوروبەر دەکات و پەی بە شتەکان دەبات، ڕەنگی چاویش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە و چاو وەك دەربڕینێك بۆ خۆشەویستی یان ڕق و کینە و ترس و ماتەمەینی و شەرمنی و...تاد، بەکاردێت،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ دووچاری هەر بارودۆخێك بێت لە چاوەکانیدا ڕەنگدەداتەوە. دەستەواژەی چاوی سووریش بەواتای ئەوە دێت کە کەسێکی لەخۆبایی و زۆر تووڕە دێت (نوری، www.kurdpedia.org2022 :، ئەمە لەناو کوردەواریشدا هاتووە کە کەسێك زوڵم و غەدر بکات، پێی دەڵێن چاوی سوور بووە. لەو چاو سووربوونەوەیە رۆمانووس تێپای سەرەکی رۆمانەکەی دارشتووە و لەرێگای چاو سووربوونەوە بەسەرهاتی بنەماڵەی سەرەکی رۆمانەکەی کە بنەماڵەی (حەمدی باخەوان)ە، دەخاتەڕوو ((حەمدی باوکی پەریهان پیاوێکی بێکەس دەبێت و لای دایك وکچێك ژوورێك بەکرێ دەگرێت، کە ئەوان خۆیشیان لەو بێکەسترن، کچەکە زۆری بەدڵ دەبێت و بەشێوەیەکی سەیر ئەو چاوە سوورانەی خۆش دەوێت، بۆیە دەیەوێت شووی پێ بکات، ....حەمدی بەو مەرجە ئامادەیە ببێتە هاوسەری کە ئەو باوەڕ بەوە بهێنێت مانگایە)) (کاکەسوور،2013:224) ئەویش ڕازی دەبێت و خێزان دروست دەکەن، کوڕەکەیان ئەم چیرۆکەی بۆ دەبێتە گرێیەکی دەروونی و بەڕاستی رق لە مێینە هەڵدەگرێت، سەرەڕای ئەوەی کە دوو خوشکی خۆی دەکوژێت، خێزانەکەشی دەکوژێت و لەقەڵاوە فرێی دەداتە خوارەوە (( هەر لەمنداڵییەوە ڕقێکی یەکجار گەورەی لە دایکی هەڵگرتووە، بەوەی ڕەنگی چاوی چۆتەوە سەر ئەو، بۆیە بە (خەڵۆ چاوسوور)یش بانگ کراوە)) (کاکەسوور(2013: 25). نهێنی ئەو چاو سووربوونەش کە وەکو نیشانەیەکی خراپی ئەو بنەماڵەیە دانراوەو هەمیشە نەوە لەدوای نەوە باجی ئەو چاوسووربوونەیان داوەو نەهامەتی و کارەساتیان بەدەستیەوە چێشتووە لەلایەن ژنێکەوە بۆ روون دەکرێتەوە (( ژنێکی داروسێیان پێی گوتووە دایکی دوای ئەوەی باوکی ژەهر خواردوو کردووە، خودا سزای داوەو ڕەنگی چاوی لە ڕەشەوە بۆ سوور گۆڕیوە)) ( کاکەسوور، 2013:25) لێرەدا خودا وەکو سزایەك ڕەنگی بەکارهێناو و چاویشی هەڵبژاردووە، چونکە بەهۆی چاوەوە دنیا دەبینرێت، لەڕەنگی ڕەشەوە واتە مات و بۆ ڕەنگی سووری پڕ لە چالاکیی و تووڕەیی گۆڕیوە، ئەم ڕەنگەش وەکو سزایەك لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گواستراوەتەوە ، ئەوەتا کاتێك (پەڵکشان) شەیدای (باوکی پەریهان) دەبێت هەر لەبەر چاوە سوورەکانی بووە (( پەلکشان شەیدای چاوەسوورەکانی باوکت بووە، چونکە پێی وایە ئەمە نیشانەی هێزی پیاوەتییە، مەبەستیشی لەو هاوسەرگیرییە تەنیا ئەوەیە چەند کوڕێکی چاوسووری لێی ببێت)) (کاکەسوور، 2013:265) دواتریش لە ئەنجامی ئەو هاوسەرگیرییەوە شەش کوڕی دەبێت کە هەر هەموویان چاویان سوورە.

رۆمانووس زیرەکانە سوودی لەو دەستەواژەیە (چاوی سوور) و بەتایبەتیش ڕەنگی سوور وەرگرتووە و بەهەردوو باری خۆشەویستی و توندوتیژی و خوێنڕشتن بەکاری هێناوە و بنیچینەی رووداو و رەفتارەکانی کارەکتەری لەسەر بنیاتناوە. بەهۆی فەزای ئەو دەقە و رووداوەکانییەوە شار و گەڕەکەکەش بەرگێکی سووریان پۆشیوەوە چ لەڕوانگەی توندوتیژی و خوێناوی بوونەوە بێت، یان لەرێگای پەیوەندییە سۆزدارییەکانەوەبێت،بۆیە وێنەی شاریش لەسەر بەرگەکە بە ڕەنگی سوور باکگراوەندی بۆ کراوە، زیاتر لەوەش بەمانای داگیرکاری و کرداری کوشتن و بڕینی نەتەوەکەی ئاماژەی بۆ دەکرێت. لەمەوە ڕەنگی سوور زیاتر لایەنە نەرێنییەکەی زاڵ بووە بەسەر لایەنە ئەرێنییەکەیدا و مەبەستی نووسەر دەرخستنی ئەو لایەنە نەرێنیانەی مرۆڤایەتی و ژیان بووە.

ـ ڕەنگی ڕەش: ئەو ڕەنگە بە شێوەی هێڵی بچڕ بچڕ لەبەشی خوارەوەی بەرگ و لە پشت وێنە گەورەکە بەکارهاتووە، هەرچەندە لە فەرهەنگ و دنیابینی کورددا ڕەنگی ڕەش سروشتێکی نەرێنی هەیەن ئەو ڕەنگە بەواتای خەم و مردن و کۆست و لەناوچوون و جەنگ و ماڵوێرانی دێت، بەدرێژایی شارستانییەتییەکان کاریگەری ڕەنگی ڕەش هەبووەو لەهەندێك لەو شارستانییەتیانەدا ڕەنگی ڕەش واتای خودی ژیان و کارتێکردنەکانی لەسەر مرۆڤ دەربڕیوە و دەلالەت لە زوڵم و ستەم وخەم وخەفتەکانی، یان وەکو رەمزی کەسی ئاشق و تەنیا بەکارهاتووە. (کنانی،2023: 136) . لەم ڕوانگەیەشەوە رۆماننوس ڕەنگی ڕەش بۆ ئەو هێڵانەی پشت وێنە گەورەکە هەڵبژاردووە کە گوزارشت لە ژیان دەکەن، ئەو ژیانەی مرۆڤەکان بەماوەیەکی کاتی لەناویدا دەژین ودواتر بەجێی دەهێڵن، بەڵام ئەو هەر بەردەوامە، شێوەی بچڕ بچڕییەکەشی دەلالەتە لە بوونی هێزو وزەی بەردەوامبوونی ژیان، بەو واتای ژیان بەخۆشی و ناخۆشییەکانییەوە لە گۆشەیەکی بچووکی ئەو بنەماڵەیەوە نیشان دراوە کە

لەرۆمانەکەدا باسیان لێوە کراوە، ئەو نیشاندانەی ژیان بە ڕەنگی ڕەش مانای بەهێزی و ئیرادەی مرۆڤەکانە لەبەردەم ناسۆرییەکانی ژیاندا، رۆماننوس لەزاری کارەکتەرەوە ئاماژە بەو حاڵەتە دەکات و دەڵێت (( ئاخر باوەڕی وابوو ڕەش ڕەنگێکە بەرگی زەمەن دەگرێت و بە ئاسانی ناسرێتەوە، بۆیە لای میسرییە کۆنەکان وەك سیمبوڵی ژیان و لەدایکبوون سەیرکراوە)) (کاکەسوور،2013: 102). بەمشێوەیە ڕەنگی ڕەش ئاماژەیە بۆ ژیان، ئەو ژیانەی کە لەرێگای هێڵی دژاور و بچڕبچڕەوە بەردەوامەو بەمردنی مرۆڤەکان کۆتایی نایەت و رێچکەی خۆی گرتووە. بوونی ڕەنگی ڕەش بۆ گوزارشت کردن لە ژیان لەلایەن رۆماننووسەوە بەواتای ئەوەیە کە ژیان بەردەوامە، بەڵام ئێش و ئازاری پترە لەوەی خۆشییەکانی بەردەوام بن .

- رەنگی سپی: رەنگی سپی بەواتای ئاشتی و خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی و دێت و هێمایەکە بۆ رووناکی و کاریگەری لەسەر هەستەکانی مرۆڤ هەیە و لەڕووی دەروونناسییەوە یەکێکە لەو ڕەنگانەی کە دەروونی مرۆڤ بەهۆیەوە هەست بە ئارامی و سەقامگیری دەکات (عزیز، محمد،2019: 124)، لەبەرگی رۆمانەکەدا ڕەنگی سپی لەناو وێنە گەورەکەدا بوونێکی دیار وبەرچاوی هەیە، بەشێوەیەك زیاتر لەناو وێنەکەدا دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەران، ئەمەش بۆ خودی ناوەرۆکی دەقە سەرەکییەکە دەگەڕێتەوە کە بنچینەی سەرەکی رووداو وکارەکتەرەکان لەو ئافرەتەوە دەست پێدەکات کە بەدیهێنەری بنەماڵەکەیە و خۆی لەشێوەی مانگادا دێتەبەرچاو و لەوەوە ئەو بنەماڵەیە دەکەوێتەوە، کەواتە لەوێنە گەورەکەدا کاتێك مانگا بەڕەنگی سپی ڕەنگ کراوە، بەو واتایە بووە کە کەسێکی بێوەی و ئاشتیخواز و پڕ لە بەرائەت بووە، لەبەر ئەوەشە کە خۆشەویستییەکی لەرادەبەدەری بۆ باوکی (پەریهان) هەبووە و کاتێك دواواشی لێکردووە کە خۆی بە مانگا دابنێت، ئینجا هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات، ئەو بەخۆشحاڵییەوە ڕازی بووە، بێگومان پەیوەندی مرۆڤ و ئاژەڵ پەیوەندییەکی لەمێژیەوەو مرۆڤ سوودی لە ئاژەڵ وەرگرتووە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی، بەتایبەتی مانگا، بۆیە لێرەدا وەکو ئاماژەیەك بۆ ئەو ئاژەڵە کە دڕندە نییەو سوودێکی زۆری بە مرۆڤ گەیاندووە و ڕەنگی سپی بۆ بەکارهاتووە. رۆماننووس لە زاری (پەریهان)هوە ئاماژە بەوە دەکات کە باوکی هەمیشە جلێکی مرادخانی ڕەشی لەبەردا بووەو دواتریش ونبووە، بەڵام دایکی بە پێچەوانەوە هەمیشە جلی سپی پۆشیوەو دەرەوشاوەتەوە (( ئەوانەی بەسەرهاتی ئەویان بۆ گێڕاومەتەوە تێکڕایان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن مرادخانییەکی قەرانیی لەبەر بووە ، سەیرەکە، باشترە بڵێم پارادۆکسەکە، ئەوەیە ، بۆیە بیریان ماوە، چونکە زوو لەو تاریکییە ون بووە، لەکاتێکدا دایکم وەك بووکێك بەو جلە سپییانەوە تاکو درەنگ دەروشاوەتەوە، ئەمە ململانێی نێوان ڕەنگ وکاتە)) (کاکەسوور،2013: 200)، لێرەدا رۆماننووس لەرێگای ڕەنگەوە جیاوازی لە نێوان ئەو دوو کارەکتەرەدا کردووەو پیاوەکەی بە تووڕەو توندو ژیانێکی پڕ لە کارەسات داناوە و ڕەنگی ڕەشی بۆ جلەکانی دیاریکردووە، ئافرەتەکەش کە میهرەبان و پاك بووەو بەڕەنگی سپی کێشاوە. لەمەشدا ڕەنگی سپی لە بەرگدا دیار و بەرچاو دەرکەوتووە .

- ڕەنگی زەرد: ئەو ڕەنگە بوونێکی زۆر سنووورداری لەسەر بەرگەکە هەیە و زیاتر وەکو باکگراوندێکی زۆر بچووکی زاراوەی رۆمان هاتووە. دیارە ڕەنگی زەرد کەیەکێکە لەڕەنگە سەرەکی و بنچینییەکان، هێمایە بۆ جوانی و یەکێکە لە ڕەنگە پیرۆزەکان ، چونکە رووناکی بەخشە و کات دیاری دەکات، هەروەها ڕەنگی زێرە کە پڕ بەها و بەنرخە(عزیز، محمد،2019: 120)، ئەمەش ئەو هۆکارە بووە کە لەژێر زاراوەی رۆماندا دانراوە، چونکە رۆمان هونەرێکی پڕ بەها و بەنرخە و یەکێکە لە ژانرە سەردەمییەکانی ئەمڕۆی دنیا، هەروەها بەهۆی بیناتە فراوانەکەیەوە گوزارشت لە حاڵەتە جیاوازەکانی تاك و کۆمەڵگە دەکات و بووەتە ئاوێنەیەکی رەونەقداری تاك و کۆمەڵگە کە ئومێدەبەخش و پڕ لەهیوایە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەزموونەکانیان و فراوانکردنی رۆشنبیری و زانیارییەکانیان، ئەمەش هەستی جوانییان بەهێزتر دەکات و ژیانیان لەلا پیرۆزتر دەکات. بەکارهێنانی بەو شێوە بچووکەش لەژێر زاراوەی رۆماندا دەلالەتە کە رۆمان بەشێوەیەکی گشتی و رۆمانئوسیش بەتایبەتی گۆشەیەکی بچووکی ژیانی تاك و کۆمەڵگە وەردەگرن و لەوێوە دەچنە ناو ئەو دەریا گەورەیەوە و باسی دەکەن، کەواتە باسکردنی بنەماڵەیەکی بچووك و بەسەرهاتی رووداوەکانیان دڵۆپێکی بچووکی ناو کۆمەڵگە گەورەکەی مرۆڤایەتییە کە لەدوو تۆیی رۆمانەکەدا خراوەتە ڕوو.

2ـ کەعب: ئەو بەشە بچووکەیە کە هەردوو بەرگی پێشەوە و بەرگی دواوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، گرینگی کەعب لەوەدایە کە زانیارییەکانی سەر بەرگی پێشەوەی تێدا دووبارە دەکرێتەوە، بۆئەوەی ئەگەر ئەو کتێبە لەناو ڕەفەکانی کتێبخانەدا داندرا بە ئاسانی بینرێتەوە و دەست پێی بگات، هەروەها جۆرێك لە جوانیش بەبەرگەکە دەبەخشێت. لە کەعبی ئەو بەرگەدا ناونیشانی سەرەکی (کازینۆی منداڵان) و ناوی رۆمانئوس بە خەتێکی لار دووبارە کراونەتەوە، لەبەشی سەرەوەشی زاراوەی (رۆمان)، بەڵام بەخەتێکی ڕاست نووسراوەوەتەوە، هەروەها ڕەنگی قاوەیی وەکو باکگراوەندی سەرەکی کەعبی داپۆشیوەو هێڵە ڕەشەکان کە دەلالەتن لەسەر بەردەوامبوونی ژیان بە خۆشی و ناخۆشییەوە بوونیان هەیە و درێژبۆتەوە بۆ ناو کەعبەکە بەشی هەرە زۆری خوارەوەی گرتووە، لەگەڵ وێنەیەکی زۆر بچووك کە ڕەنگی سپی وەرگرتووەو دەلالەت لە دوو مرۆڤ دەکەن کە نێر و مێن ئاماژەیە بۆ دروستبوونی بنەماڵە .

3ـ بەرگی دواوە: بەرگی دواوەی رۆمانەکە کەمتر دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەران، لەگەڵ ئەوەشدا گرینگی خۆی هەیە بۆ دانانی وێنە و بایۆگرافی رۆماننووس، یان پەڕەگرافێکی کاریگەر لە رۆمانەکە، بەڵام لێرەدا هیچ لەمانە دانەنراوە، بەڵکو ڕەنگی قاوەیی سەرتاپای بەرگەکەی پۆشییوە، ئەمەش بۆ ناوەرکی رۆمانەکە دەگەڕێتەوە لە رووداو و کارەکتەرەکان کە ڕەنگدانەوەیان لەسەر کۆی گشتی ژیانی کۆمەڵگە هەیە، رۆماننووس لە گۆشەیەکی بچووکی چەند بنەماڵەیەکەوە هەوڵدەدات باس لە ژیانی سەر رووی زەوی بکات کە رەنگی ئەو ژیانەش وەکو ڕەنگی زەوی قاوەیی دەبێت. هەروەها هێڵە پچڕ بچڕە ڕەشەکان بەردوامن، بەڵام رووبەرێکی بچووکی لای چەپیان گرتووە، کەواتە مەبەستی رۆمانئوس لەوەدایە کە ژیانیش تا سەر نییە و رۆژێك دێت ژیان بەخۆشی و ناخۆشییەکانەوە کۆتایی دێت، چونکە هەر شتێك سەرەتای هەبێت، بێگومان دەبێت کۆتاییشی هەبێت. لەهەمانکاتیشدا هیچ وێنەیەکی چ گەورەو چ بچووك لە بەرگی دواوە دانەنراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رۆماننووس لە کات و ساتێکی دیاریکراودا بەسەرهات و رووداوی بنەماڵەیەکی دیاریکراو دەگێڕێتەوە کەبێگومان وەکو چۆن ژیان رۆژێك دەبێ کۆتایی بێت، مرۆڤیش کۆتایی هەیە و دەمرێت و بنەماڵەکان نامێنن و نەوەیەکی دیکە دێتە کایەوە ، بەو واتایەی بوونی چەند هێڵی ڕەشی بچڕ بچڕ بەمانای بەردەوامی ژیانە، بەڵام نەوە لەدوای نەوە دێت و بنەماڵەکان نامێنن و بنەماڵەی دیکە دێتە شوێنیان، هەروەها شار و وڵاتەکانیش نامێنن و شارو وڵاتی دیکە شوێنیان دەگرنەوە. لە بەشی خوارەوەی بەرگەکەش لۆگۆی دەزگای بڵاوکراوە لەناوەڕاستدا داندراوە کە ئاماژەیە بۆ بڵاکردنەوەی ئەو رۆمانە.

ج ـ لاپەڕەکانی پێشەوە: ئەو لاپەڕانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە بەخشینی زانیاری لەبارەی دەقە سەرەکییەوە پێش دەستپێکردنی دەقەکە دێن. لەلاپەڕەی یەکەمدا ناونیشانی سەرەکی و ناوی رۆمانئوس دووبارە داندراونەتەوە، بەڵام لە بەشی خوارەوەدا ئاماژە بە چاپ و ساڵی چاپ دراوە کە (چاپی یەکەم)ی ساڵی (2013)یە، لەلاپەڕەی پشتەوەیدا لەبەشی سەرەوە وێنەی شارەکە لەلای ڕاستەوە داندراوەتەوەو لەلای چەپیشەوە لۆگۆی دەزگای بڵاوکردنەوە و زنجیرەی ئەو بڵاوکردنەوەیە داندراوە. لەبەشی خوارەوەشی دا ،

سەرەڕای دانانەوەی بچووکی وێنەگەورەکەی سەر بەرگی پێشەوە، کۆمەڵێك زانیاری کتێبخانەیی لەبارەی ئەو دەقەوە خراوەتەڕوو، ئەوەی گرینگە ئاماژە بەناوی دیزاینەری بەرگ لە وێنە و ڕەنگەوە کراوە کە باسم ڕەسامە

**2.2.3: دەقی سەروویی:**

زۆر جار پێی دەگوترێت دەقی دەرەوە. ئەو دەقەیە کە لەسەرووی دەقەکەوە دێت، بەو واتایەی لەناو خودی کتێبەکەدا نییەو راستەوخۆ پەیوەست نەکراوە بە دەقی سەرەکییەوە، بەڵکو لەدەرەوەی ئەو دەقە دایە، ئەمەش وای کردووە سەربەخۆییەکی تەواوی هەبێت لە دەقی دەروبەر، چونکە دەقی دەورووبەر سەربەخۆیی خۆی نییە و راستەوخۆ پەیوەستە بە دەقە سەرەکییەکەو لەگەڵ ئەودا چاپ و بڵاودەکرێتەوە. بەڵام دەقی سەروویی سەربەخۆیی خۆی هەیە و لە گەلێك کەناڵ و بواری جیادا بەشێوەی سەربەخۆی چاپ و بڵاودەکرێتەوە، لەوانەش ( وتارە رەخنەییەکان بەشێوەی کتێب و یاخود وتار لە رۆژنامە وگۆڤار، نامە ئەکادیمییەکانی زانکۆکان، چاوپێکەوتنی رۆماننوس لە گۆڤار و دەستگەکانی راگەیاندنی بینراو وبیستراو، پێگەی ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا ....تاد). کە ئەمەشیان دوو جۆرە:

**1.2.2.3: دەقی سەروویی نووسین:**

هەموو ئەو چاوپێکەوتن و وتار و توێژینەوە ئەکادیمییەکان و کۆڕو کۆبوونەوە تایبەتییەکان بەو رۆمانە لەخۆ دەگرێت، بەلای (ژیرار ژێنێت)هوە ئەم بەشەیان دەکرێتە دوو جۆر :

1- دەقی سەروویی نووسینی تایبەت: زۆر جار بە دەقی سەروویی نووسینی راستەوخۆش دێتە ناسین، کە هەموو ئەو بابەت و چالاکی و وتارە تایبەتانە دەگرێتەوە کە راستەوخۆ رۆماننوس لەبارەی دەقی رۆمانەکانییەوە بڵاوی دەکاتەوە، لەمبارەیەوە رۆماننوس لە سێ چالاکیدا باسی لە رۆمانی (کازینۆی مندالآن)کردووە، ئەوانیش:

1-1: پەیجی تایبەتی رۆماننوس لە سوشیال میدیا: کە پەیجێکە لەفەیسبووك بە ناوی رۆماننوس خۆیەوەیە و وێنەی تایبەتی خۆی لەسەرە، کە تێیدا چالاکییەکانی خۆی و بیروڕایەکانی لەبارەی بەرهەمەکانی خۆی بڵاودەکاتەوە. لەم پەیجەیدا رۆماننوس زۆر جار بەرگی بەرهەمەکانی خۆیەوە بڵاودەکاتەوە کە بەرگی رۆمانی (کازینۆی مندالآن)یش یەکێکە لەوان، هەروەها ئەو نامە ئەکادیمیانەی کە لەسەر رۆمانەکانی کراوان ئاماژەیان بۆ دەکات، لەپاڵ بڵاوکردنەوەی راو بۆچوونی تایبەتی خۆی لەسەر رۆمان بەگشتی و رۆمانەکانی بەتایبەتی، لەم رووەوەش زۆربەی ئەو وتار و بابەت و چاوپێکەتنانەی کە لەگەڵ ئەو کراون لەبارەی رۆمانی (کازینۆی مندالآن) بڵاوکردۆتەوە .

2-1: کتێب: رۆماننوس جگە لە رۆمانەکانی گەلێك کتێبی بڵاوکردۆتەوە، کتێبەکانی لەبارەی یادەوەری و رەخنە و پرۆسەی گێڕانەوە و تایبەت بە بەرهەمەکانی خۆی هەیە. یەکێك لەو کتێبانەی بەناونیشانی (ڕاگەردان - پاشکۆی بەرهەمەکانم) لەساڵی (2017) بڵاوکردۆتەوە، کە تێیدا باسی لە بەسەرهات و ژیانی تایبەتی خۆی و بەرهەمەکانی کردووە، لەو کتێبەیدا دەستەواژەی (پاشکۆی بەرهەمەکانم) راستەوخۆ دەچێتە چوارچێوەی دەقی هاوتەریبەوە، چونکە باس لە بەرهەمەکانی خۆی دەکات، کە تێیدا تەنیا لەیەك پەرەگرافدا باس لە رۆمانی (کازینۆی مندالآن ) دەکات و دەڵێت: (( ساڵی هەشتاو پێنج دوو شانۆگەریم نووسی، کەراستییەکەی هاوڕێیانی (ئامادەیی رزگاری) داوایان کرد بۆیان بنووسم، بەو مەبەستەی لەهۆڵی شانۆی قوتابخانەدا نمایشیان بکەن. یەکێکیان باسی ژیانی قوتابییانی دەکرد و نمایش کرا، بەڵام دووەمیان (کوا پلیتی دووکانەکەت) کۆمیدی بوو، لەبەر هەندێك هۆکار نمایشکردنی زەحمەت بوو، ئەوەیانم وەك خۆی لە رۆمانی(کازینۆی مندالآن) دا بەکار هێنا)) (کاکەسوور، 2017: 18-19)، کەواتە بەشی کۆتایی رۆمانەکە لە بنەڕەتدا شانۆ بووە و زۆر پێش نووسینی دەقە سەرەکییەکە نووسراوە کە ساڵی (1985)ە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لەو بەشەدا رۆماننوس باس لە بارودۆخی دوای رووخانی سەدام دەکات و شەڕی گرووپە تیرۆریستییەکان لەگەڵ سوپای ئەمریکا لە فەلووجە و بەشداربوونی کارەکتەرێکی رۆمانەکە لەو شەڕە لەپاڵ گرووپە تیرۆریستییەکانەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەنیا دیمەنی یەکەمی بەشەکە شانۆ بووەو رۆماننووس هێناویەتیە ناو رۆمانەکەی و ئەوانی دیکەی بۆ زیادکردووە، بەڵگەش ئەوەیە کە ئەو دیمەنە هەمووی گفتوگۆیە کە بنەمای سەرەکی شانۆیە. رۆماننوس هیچ روونکردنەوەیەکی لەمبارەیەوە نەداوەو تەنیا بەو پەرەگرافە کۆتایی پێهێناوە، خۆزگە باسی لێوەدەکرد و زیاتر بۆ رەخنەگر و خوێنەران ئەو بابەتەی روون دەکردەوە.

3-1: چاوپێکەوتن: رۆماننوس چاوپێکەوتنێکی تایبەتی لەبارەی ئەو رۆمانەوە لەگەڵ گۆڤاری نوێ بەناونیشانی (گفتوگۆ لەگەڵ کاروان کاکەسوور لەبارەی رۆمانی کازینۆی مندالآن) لە ساڵی (2013)دا ئەنجامداوەو تێیدا رۆماننووس لەبارەی ناوەڕۆك و پەیام و مەبەستەکانی ئەو رۆمانەی قسەی کردووەو تیشکی خستۆتە سەر گەلێك لایەن و رەهەندی دەقەکە و ئاماژەی بە گەلێك رووداوی ناو دەقەکە و مێژوو شاری هەولێر داوە و روونکردنەوەی لەبارەیانەوە خستۆتەڕوو و دەڵێت (( لە (کازینۆی مندالآن)دا هەوڵ بۆ ئەوە دراوە هەر شارێک توانای ئەوەی پێ بدرێت جیاوازییەکانی خۆی دەربخات و کارەکتەری جیاوازیش بەرهەم بهێنێت، بۆ ئەوەی بەشداری لە گێڕانەوەی مێژووەکەیەدا بکات. بێگومان مێژووییەکی گریمانی، نەوەک فەرمی. هەروەها ویستی ئەوە هەیە فرەدەنگی تایبەت نەبێت بە کارەکتەر، بەڵکو ئەو فرەدەنگییە کەلتوورە جیاوازەکانیش بگرێتەوە. من کاتێ بە چاوی نووسەری ئەدەبی گێڕانەوە لە شارەکانی ئەمرۆی خۆمان دەڕوانم، هەست دەکەم لە نەوەدەکانەوە بەردەوام ئێڵەمێنتی بەشاریبوونی خۆیان لە دەست داوە، بۆیە زۆرجار ویستوومە فۆکووس لەسەر ئەو سەردەمانە بکەم، کە ئارەزووی بەشاریبوون لەو شارانەدا هەبوون. ئەمەم بە تایبەتی لە (کازینۆی مندالآن)دا کردووە.)) (کاکەسوور، 2013، www.dengekan.cam : )

2- دەقی سەروویی نووسینی گشتی: زۆر جار بە دەقی سەروویی نووسینی ناراستەوخۆش دێتە ناسین، هەموو ئەو بابەت و بەرهەمانە دەگرێتەوە کە لەلایەن کەسانی دیکەوە لەشێوەی کتێب و وتاری گۆڤارو رۆژنامە وتوێژینەوەی ئەکادیمی بڵاودەکرێنەوە. لەبارەی رۆمانی (کازینۆی مندالآن)هوەش ئەم بەرهەمانە لەسەر نووسراون و ئەنجامدراون:

2 -1: نامەی ئەکادیمی: بەشێك نامە وتێزی ئەکادیمی لەچوارچێوەی توێژینەوەی زانستی لەبارەی بەرهەمەکانی رۆماننوسەوە نووسراون، بەڵام تا ئێستا نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرایەکی تایبەت بە رۆمانی (کازینۆی مندالآن) نەنووسراوە، بەڵکو بەشی زۆری نامە وتێزەکان لەچوارچێوەی گشت رۆمانەکانەکانی رۆماننوسەوە کاریان لەسەر ئەو رۆمانە کردووە، لەناویشیاندا تەنیا سێ لەو کارە ئەکادیمیانە لەو چوارچێوە گشتییەدا کاریان لەسەر رۆمانەکە کردووە :

2 -1-1: نامەیەکی ماستەر لەمبارەوەیەوە بەناونیشانی (تەکنیکی مۆنتاژ لە رۆمانی کوردیدا رۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور) بەنموونە) لەکۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین لەلایەن (شوان غازی پیرداود) لەساڵی (2015)دا نووسراوە، توێژەر دوای ئەوەی چەمك و واتا و زاراوەی مۆنتاژ و ئەرك و جۆرەکانی شیکردۆتەوە، پاشان لەسەر چوار رۆمانی (کاروان کاکەسوور) جێبەجێیکردووە، کە رۆمانی (کازینۆی مندالآن) یەکێکە لەوان، لەرووی مۆنتاژەوە شیکراوەتەوەو لەچوارچێوەی پەیوەندی

مۆنتاژ بە رووداو کات و شوێن و کارەکتەرەوە، هەروەها تەکنیکەکانی مۆنتاژ لە پێشخەری و پاشخەر و دیالۆگ و مەنەلۆگ لە ڕۆمانەکەدا روونکراوەتەوە. توێژەر لەبارەی ناونیشانی ڕۆمانەکەوە کە بەشێکە لە دەقی هاتەریب دەڵێت : ((ناونیشانی هەر چوار ڕۆمانەکەی وشەی سادە و پڕ لەمانا و گونجاون، بۆتە هۆی ئەوەی ڕۆشنایی بخاتە سەر گشتی دەقەکە پەیوەستیان بکات بەناوەرۆکی دەقەکانەوە، کە هاوکێشەی سەرەتا و کۆتاییان لەبیری وەرگردا پێکاوە، زیاتر لەمانای فەرهەنگی دوورکەوتوونەتەوە، مانای جەفەنگ و هێماییان پێ دراوە، هەموو ئەو کردارانەش لە ئەنجامی تەکنیکی مۆنتاژەوەیە)) (پیرداود،2015: 216).

2.1.2: نامەیەکی ماستەر بەناونیشانی ( ئاستەکانی ڕوانین لە ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسووردا) لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین لەلایەن (دیار محەمەد کەریم) لەساڵی (2015) نووسراوەو تێیدا توێژەر ئاماژە بە چەمك و زاراوەی ڕوانین و ئاستەکانی ڕوانین لەڕووی هزری و دەروونی و دەربڕینەوە داوە، لەبارەی ڕۆمانی ( کازینۆی منداڵانەوە) دەڵێت: (( لەڕۆمانەکانی ئەم ڕۆماننوسەدا کارەکتەرەکان وەکو چۆن لە پێکهاتەدا لەیەکدی جیاوازن، ئاواش لەڕووی ڕوانینەوە هەر یەکەیان تایبەمەندی خۆی هەیە و جیا لەگەڵ یەکێکی دیکە بیر دەکاتەوە، نموونەیەکی دەگمەنی ئەم جیاوازییەی کارەکتەرەکان لەڕووی ڕوانینەوە لە ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان)دا لەنێوان (سوهاد)و (وریا)ی برایدا بەرچاو دەکەوێت، ئەم دوو کارەکتەرە نەك ڕوانینی جیاوازیان هەیە، بەڵکو دوو ڕوانینی پێچەوانەشن بۆ ژیان)) (کەریم، 2015: 161).

3.1.2: تێزێکی دکتۆرا بەناونیشانی ( شێواز لەڕۆمانی کوردیدا (ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور) بەنموونە) لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەڵاحەدین لەلایەن (ئاوارە کەمال ساڵح) لە ساڵی (2019)دا نووسراوە، توێژەر لەم تێزەیدا چەمکی شێواز و شێوازگەری و قوتابخانەکانی شێوازگەری و گرینگی شێواز لە بنیاتی ڕۆمان و ڕۆمانی کوردیدا شیکردۆتەوە. توێژەر لە تەوەری دووەمی بەشی یەکەمدا باسێکی بەناونانیشانی (شێوازی ناونیشان (ناونان) ی ڕۆمانەکان) تەرخان کردووە، کە ئەم باسە پەیوەستە بەدەقی هاوتەریب و بەشێکی لە دەقی هاوتەریب باسکردووە، کە ناونیشانی ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسە شیکردۆتەوە، لەبارەی ناونیشانی ڕۆمانی (کازینۆ منداڵان)ەوە، توێژەر دەڵێت : ((ناونیشانی (کازینۆی منداڵان)ناونیشانێکی هێما ئامێزە، دەیەوێت خوێنەر لە ڕێگەی کردنەوەی کۆدەکانییەوە. پەی بە سیحریی زمان ببات، کە خاوەنی چ توانایەکی سەرسوڕهێنەرە و دەتوانێت گەشتێکی پڕ تەلیسم بە مرۆڤەکان بکات. هەر بۆیە ئەو شوێنەی دەبێتە مەیدانی بە یەکتر شاد بوونەوەی، هەر دوو کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە، کە وەکو برا لە یەکتریی دەڕوانن و بریتین لە(مامۆستا سوهاد، وریا)کە لە دوای ساڵانێکی زۆری دابڕان لە یەکتریی لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا بە دیداریی یەکتر دەگەنەوە. دەبێتە شوێنێکی پڕ تەلیسم و فانتازیی لای وەرگر، چونکە لە گۆشەنیگای (مامۆستا سوهاد)ەوە، ئەو شوێنە جاران ناویی(کازینۆی منداڵان)بووە، بەڵام لە گۆشەنیگای(وریا)وە، ئەو شوێنە جاران تەنیا گۆمێکی ئاو بووە. کەواتە کاریگەریی شوێن لە سەر زەین و دەروونی مرۆڤ، بە شێوازی جیاواز بەرەو ڕابردووی دەگێڕێتەوە)) (ساڵح،2019: 84).

2ـ2: ڕۆژنامە و گۆڤار: لەناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا تەنیا یەك وتاری ئەدەبی لەبارەی ئەو ڕۆمانەوە لەلایەن ئەردەلان عەبدوڵاوە لە پاشکۆی ئەدەب وهونەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا لەساڵی (2013) بڵاکراوەتەوە، تێیدا نووسەر تیشکی خستۆتە سەر ناوەرۆکی ڕۆمانەکە و لایەن و ڕەهەندەکانی شیکردۆتەوە و کاریگەری کارەکتەر و شوێن و کاتی نیشان داوە، لەبەشێکی وتارەکەیدا دەڵێت (( لەم ڕۆمانەدا لە ڕێگەی چیرۆکی پاڵەوانەکانیەوە پەلی هاویشتووە بۆ باسکردنی مێژووی دێرینترین شاری کوردستان، کە ئەویش هەولێرە بەتایبەتی مێژووی سەدەو نیوێك پێش ئێستا ، هەولێر بەشێوەی ڕیشەیی ـ شیرازەی کۆمەڵایەتی و عادەت و تەقالید،سیستەمی ئابووری و سیاسی ئەو شارەی باسکردووە)) ( عەبدوڵڵا، 2013: 6).

3.2:ئینتەرنێت: لە پەیجەکانی ئینتەرنێتدا وتارێکی ئەدەبی بەرچاو دەکەوێت کە لە پەیجی دەنگەکان بەناونیشانی (کازینۆی منداڵان ، کازینۆی دەنگە جیاوازەکان)ەوە لەلایەن سۆران ئازادەوە لەساڵی (2013)دا بڵاوکراوەتەوە. نووسەر لەم وتارەیدا لەبارەی ڕۆمان وەکو ئەدەبێکی مۆدێرن دوواوە و پاشن باس لە ڕۆمانەکە دەکات و ئاماژە بە ڕووداوەکان و کارەکتەرەکان دەکات کە لە نەتەوەی جیاواز پێکهاتوون و کەلتوورە جیاوازەکان و هزر و ڕوانینە جیاوازەکان و شوێنە جیاوازەکان و ئەو بەیەکەوەژیانەی کۆمەڵگەکان شیدەکاتەوەو ڕاڤەیان دەکات ، لەم مبارەوەیە دەڵێت((ڕۆمانی کازینۆی منداڵان، وەکو بەرهەمەکانی تری (کاروان کاکەسوور) کۆمەڵێک ڕەهەندی جیاواز لە خۆی دەگرێت، بەڵام ئەوەی ئەو ڕۆمانە جیا دەکاتەوە، بەرجەستەکردنی ململانێی کەلتوورە جیاوازەکانە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. (کاکەسوور) لە ڕێگەی کارەکتەرەکانیەوە دیوە شاراوەکانی مێژووی یەک سەدەی عێراق و ململانێ جیاوازەکان وێنا دەکات. کازینۆی منداڵان کەناڵی فرەدەنگیی کارەکتەرە جیاوازەکانە. (کاروان) لە ڕێگەی کۆمەڵێک چین و توێژی لاوەکیی کۆمەڵگاوە، بۆ نموونە سۆزانییەکان، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجیی کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی دەخاتە ژێر ڕۆشنایی هەڵوەشاندنەوەوە.)) (ئازاد، 2013(www. dengekan.cam:

3ـ2ـ2ـ،2: دەقی سەروویی بڵاوکراوەیی: هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە دەزگاکە لەتەك ناوی خۆیدا بڵاوی دەکاتەوە، لەوانەش لیستی ئەو کتێبانەی چاپی کردوون، یان ئەو بانگەشانەی کە بۆ کتێبەکەی دەکات، یان ئەو بڵاوکراوانەی خۆی کە لەبارەی چاپکراوەکانییەوە چاپ و بڵاو دەکاتەوە. لەم ڕۆمانەدا دەزگای بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکە (ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە)، هەر چەندە ناو و لۆگۆیان بەسەر کتێبەکەوە هەیە و ژمارەی زنجیرەیی کتێبەکەشیان دیاریکردووە کە (13)یە، بەڵام وەکو دەزگا هیچ وتارێکیان لەبارەی کارو بەرهەمەکانیان، یاخود لەبارەی سەربردەی چاپکردنی ئەو ڕۆمانە نەخستۆتەڕوو، هەروەها بەو پێیەی کە ئەوان لە ڕووی بازرگانییەوە خاوەنی ئەو کتێبەن، بەڵام هیچ لیستێکی چاپکراوەکانیان لەو کتێبەدا دانەناوە، تاوەکو خوێنەر ئاشنای کارو بەرهەمەکانیان بێت .

## ئەنجام

1- ڕۆماننووس گرینگییەکی زۆری بە ناونیشان داوە، بەتایبەتیش ناونیشانی سەرەکی کە ڕەنگدانەوەی ناواخنی دەقە سەرەکییەکەیە لەخۆ دەگرێت و وێنەیەکی خەیاڵی و واقیعی لە هزری خوێنەردا لەبارەی دەقە سەرەکییەکەوە بەجێ دەهێڵێت، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ڕۆماننووس لە بایەخ و گرینگی ناونیشانە سەرەکی و لاوەکییەکان گەیشتووەو بە ئاگاییانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

2- وێنەی سەر بەرگەکان بەهەردوو وێنەی گەورەو بچووکەوە گوزارشت لە ڕووداو و کارەکتەر و شوێن و کات دەکەن کە چنینی دەقە سەرەکییەکەیان پێکهێناوە و لەگەڵ یەکەم بنینی زانیارییەکی سەرەتایی لەبارەی دەقەکە دەخەنە بەردەستی خوێنەر و وەرگرە.

3- ڕۆماننووس بەرگی کتێبەکەی بە چەندین جۆر و ڕەنگ نەخشاندووە، ئەمەش لەبری ئەوەی کە ڕەنگ بەلایەوە زمانێکی دیکەی گوزارشت کردنە و ئەوەی

لەناو دەقە سەرەکییەکە بە وشەو رستە دەگوترێت، ڕەنگەکان هەروەکو زمان تواناى ئەوەیان هەیە گوزارشت لە حاڵەت و ڕووداو و شوێن وکارەکتەرەکان بکەن.

4ـ ڕۆمانووس لە  چوارچێوەی دەقی سەروویی نووسینەوە کەمترین ڕوونکردنەوەو ڕاڤەی لەبارەی ڕۆمانەکەوە خستۆتەڕوو، تەنیا لە سێ چالاکیی سوشیال میدیا و کتێب و چاوپێکەوتنێك لەگەڵ گۆڤاردا تێبینییەکانی خۆی لەمەڕ ئەو ڕۆمانە خستۆتە پێش چاو.

5ـ ئەگەر چی تا ئێستا چەند توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەبارەی ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور نووسراون، بەڵام هیچ توێژینەوەیەکی تایبەت بە ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان) چ وەکو ماستەر و چ وەکو دکتۆرا نەنووسراون بۆ ئەوەی بێ بە دەقێکی بەهێزی تەریب بۆ دەقە سەرەکییەکە. سەرەڕای ئەمەش وتاری ئەدەبی زۆر کەمە لەبارەی ڕۆمانەکە و تەنیا  یەك دوو وتار تا ئێستا نووسراون وەکو دەقی هاتەریب .

## سەرچاوە

### یەکەم: بەزمانی کوردی:

### أ : کتێب:


حەمەد، پەخشان سابیر (د) (2012)، ڕەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان 19970-1991، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.

سەراج، عەبدوڵڵا(2007) ، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، سلێمانی.

سدیق ئارام( 2009)، ناونیشان لە چیرۆکی کوردیدا، چاپخانەی کاردۆ ، سلێمانی.

قاضی، حافظ (2005)، فەرهەنگا قازی، دەزگەها سپیریز یا چاپ و وەشانێ، چاپی دووەم، دهۆك.

کاکەسوور، کاروان عومەر(2017)، ڕاگەردان پاشکۆی بەرهەمەکانم، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

کاکەسوور ، کاروان عومەر، کازینۆی منداڵان، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی.

هەژار (1384)، هەنبانە بۆرینە ـ فەرهەنگی کردی ـ فارسی، چاپی چوارەم، چاپخانەی انتشارات سروش، تاران، 1384.

نظام الدین، فاضل (2007)، فەرهەنگی شیرین، چاپی چوارەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.


### ب: نامەی ئەکادیمی :


پیرداود، شوان غلزی (2015÷ مۆنتاژ لە ڕۆمانی کوردیدا ڕۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور) بە نموونە، نامەی  ماستەر، کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سەلاحەدین.

سالح، ئاوارە کەمال (2019)، شێواز لە ڕۆمانی کوردی ( ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور) بەنموونە)، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە ـ زانکۆی سەلاحەدین.

کەریم ، دیار محەمەد (2015)، ئاستەکانی ڕوانین لە ڕۆمانەکانی کاروان  عومەر کاکەسووردا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سەلاحەدین.


### ج: ڕۆژنامە وگۆڤار


عزیز،ژوان عبدالسلام ـ محمد،یوسف علی (2019)، دەلالەتەکانی ڕەنگ لە دەقە شیعرییەکانی (مستەفا بەگی کوردی)دا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە تایبەت بە کۆنفرانسی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان.

عەبدوڵڵا، ئەردەلان(2013)، پاشکۆی ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (838).

قەرەداغی عەتا (2010)، مەحوی لەناوان نەفسی ئەمارە و تواندنەوەی لەرۆحی باڵادا، فەرهەنگ ـ هەفتەنامەی فەرهەنگی هەولێر، ژ44.

کاکەسوور، کاروان (2023)، کاروان کاکەسوور: نووسینی پەنجا ڕەخنەگری میللی هێندەی خوێندنەوەی خوێنەرێکی ڕەخنەدۆز هێزی نییە (چاوپێکەوتن)، گۆڤاری وانەر، ژمارە (9).

مەقدید،ڕوخسار نەبی(2023)، میتافۆری چەمکی ڕەنگ لەزمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، ژمارە (55).


### دووەم: بەزمانی عەرەبی:

### أ : کتێب:


اشهبون، عبدالمالك(2011)، العنوان في الرواية العربية، الطبعة الاولى، دار المحاكاة للدراسات و النشر و التوزيع، ديمشق ـ سوريا.

بلعابد، عبدالحق (2008)، عتبات ج.جنيت من النص الي المناص، تقديم: سعيد يقطين. الطبعة الاولى، منشورات الأختلاف ـ الجزائر، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت.

بنيس، محمد(د) (1989)، الشعر العربي الحديث،: بنياته و ابدالاتها 1ـ التقليدية، دار توبقال للنشر، الطبعة الاولى، الدار البيضاء.

حسين، خالد حسين (د) (2007)، في نظرية العنوان، دار التكوين للطباعة والنشر  و التوزيع، سوريا.

شريف،محمد شريف (2021)، شعرية النص الموازي في شعر نزار قباني، الطبعة الاولي، اقتباس للنشر المجاني، مصر.

فوكو، ميشيل (1987، حفريات المعرفة،ترجمة سالم يفوت، المركز الثقافي العربي، الطبعة الثانية، الدار البيضاء، المغرب.

كناني، رويدة نعمان (أ.م) (2023، علم اللون و نظرياته،  منشورات جامعة ديمشق ـ سوريا.

يقطين، سعيد (د) (1989)، انفتاح النص الروائي، الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي ، الدار البيضاء.


### ب: نامەی ئەکادیمی :


الياقوت، شيخاوي(2018)، معاني الألوان في اللغة والثقافة والفن، رسالة ماجستير ـ كلية الأداب و اللغات ـ جامعة ابي بكر بلقاي تلسمان ـ الجزائر.

بوغنوط، بوفية(2007)،  شعرية النصوص الموازية في دوادوين عبداللة حمادي، رسالة ماجستير ـ كلية الاداب و اللغات ـ جامعة منتوري ـ قسنطينة، الجزائر.

بلخير،عبدالقادر ـ سعيداني،مفتاح، العتبات النصية في رواية الرمم( للازهر عطية)، ، رسالة ماجستير ـ كلية الاداب و اللغات جامعة محمد بوضياف مسيلة، الجزائر.

بوسبيس،صابرينة(2020)سيمياء النص الموازي في ديوان (اليها..في عليائها) للأنور الشعر، رسالة ماجستير ـ كلية الاداب و اللغات جامعة عبدالحفيظ بوالصوف لميلة، الجزائر.

بلعيدة، حبيبي(2014)،شعرية العتبات في ديوان (اسفار الملائكة) لعزالدين ميهوبي، رسالة ماجستير ـ كلية الأداب و اللغات ـ جامعة محمد خيضر بسكرةـ الجزائر.

جراينية، ابتسام (2015)،العتبات النصية في رواية (هلابيل) لسمير قسيمي، رسالة ماجستير ـ كلية الاداب و اللغات جامعة محمد خضيرة بسكرة، الجزائر.

حنان،هوام ـ زينب، نايلي (2021). النص الموازي في الرواية بأي ذنب لمحمد بشير، رسالة ماجستير ـ كلية الاداب و اللغات جامعة حيضر بسكرة، الجزائر.

دالي،عمر(2024)، اليات اشتغال النص الموازي في راوايات واسيني الأعرج، الأطروحة الدكتوراة ـ كلية الاداب واللغات ـ جامعة  مولود معري ـ تيزي وزو ، الجزائر.

دريدي،محمد رشدي عبدالجبار (2010)، النص الموازي في اعمال عبدالرحمن المنيف الآدبية، رسالة ماجستير ـ كلية الدراسات العلياـ جامعة النجاح الوطنية، نابلس ـ فلسطين.

عوامر، سهام ـ غضبان، امال(2022)، النص الموازي في الرواية (عطر الدهشة) ل(ابن الربيع محمد الأمين، رسالة ماجستير ـ كلية الاداب و اللغات جامعة محمد بوضياف مسيلة، الجزائر.

كنجي،ذكريات مدحت(2014)، النص الموازي في الرواية الاردنية، الأطروحة الدكتوراة ـ كلية

الاداب ـ جامعة اليرموك ، الأردن .
هيبة،بوراس ـ اسماء،لكنوش(2022)سيمياء النص الموازي في المجموعة القصصية بعض الصمت نزيف لعبدالقادر صيد، رسالة ماجستير ـ كلية الاداب و اللغات جامعة عبدالحفيظ بوالصوف لميلة، الجزائر.

## ج: رۆژنامه وگۆڤار :

المطوي، محمدالهادي (1997)، في التعالى النصي و المتعاليات النصية،المجلة العربية للثقافة ، تونس، السنة 16، العدد (32).
ابو اليزيد،مروة محمد(د) (2023) ،غرائبية التعبات النصية في مسرواية (حتي يطمئن قلبي):للسيد حافظ، مجلة كلية اللغة العربية بالمنوفية، العدد(38).
المحبسي، محمد عثمان علي (2015)، الألوان و دلالاتها النفسية و الآجتماعية،مجلة كلية التربية جامعة الوادي الجديد، العدد (18).
بكري، احلام مازن(أ)، قاسم،نادر(أ) (2023، النص الموازي في الرواية العربية (نماذج المختارة)، مجلة اللغة والآدب العربي، الجلد (2) ، العدد(6).
ترو، عبدالوهاب (د) (1989)، تفسير و تطبيق مفهوم التناص في الخطاب النقدي المعاصر، الفكر العربي المعاصر، لبنان ، عدادان 60-61.
حليتم،ربيعة ـ كرام،سليم (2023)، النصوص الموازية في الرواية(الديون الاسبرطي) ل(عبدالوهاب عيساوي)، مجلة المدونة، المجلد10، العدد1.
شتيوى، أ.د.احمد احمد،( 2020 ) ، شعرية النص الموازي في الابداع القصصي الحائلي، مجلة حولية كلية اللغة العربية بايتاى البارود ، العدد(33) السعودية.
طلاع، صبار شبوط (ا.م.د)، اسماعيل، حازم عبدالمجيد(ا.م.د)، سيهم، علياء جبار(2020) النص الموازي بين التخيل الذاتي و التخيل الغيرى، مجلة الدراسات المستدامة، السنة الثانية، المجلد الثانى، العدد الثامن.
عبدالغني، عبدالله محمد كامل(د) (2022)، شعرية المتعاليات النصية في المجموعة القصصية (صياد النسيم) لمحمدالمخزنجي، مجلة كلية الآداب، جامعة بورسعيد، الجزء الاول، العدد(22).
عبدالحميد،صفاء محمد(د) (2022)، النص الموازي و اثره في تلقي النص... رواية ذاكرة الجسد نموذجاً، مجلة اماراباك العلمية المحكمة، المجلد 13، العدد43.
لوكام، سليمة(د)(2009، شعرية النص عند (جيرار جينيت) من الآطراس الي العتبات، مجلة التواصل العدد(23).
مرشد،ماجد قائد قاسم، كنوني محمد(أ.د) (2021)،سيمياء النص الموازي في الأعمال الشعرية الكاملة لمحمد احمد منصور،مجلة الآداب، العدد(9).
مستور،رجاء(2021) جمالية النصوص الموازية في الرواية مجنون الحكم، مجلة المدونة، المجلد(8)، العدد(2).

## سێیەم: ئینتەرنێت:

ئازاد، سۆران (2013)، کازینۆی مندالآن ، کازینۆی دەنگە جیاوازەکان، www. dengekan.cam
ئەنوەر، ئیلهام(2022)، قاوەیی،( www.zaniar.com).
کاکەسوور، کاروان عومەر(2013)، گفتوگۆ لەگەڵ کاروان کاکەسوور لەبارەی رۆمانی (کازینۆی مندالآن)، www.dengekan.cam.
نوری ، رۆژان (2022)، چاو وەك خوازەی زمانی: www.kurdpedia.org.